https://www.doi.org/10.31918/twejer.2031.9

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# پەیوەندیی شارستانی نێوان گەلانی کۆنی وڵاتی دوو ڕووبار و گەلانی کۆنی کوردستان لە ڕووی ئەدەبەوە (داستان و ئەفسانە وەک دوو نموونە) (١٥٩٥_١١٥٧پ. ز)

پ. د. عماد عبدالقادر محمدسعید
زانکۆی ڕاپەڕین
کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ـ بەشی مێژوو
imadabid73@uor.edu.krd

صلاح الدین باقی حسین
زانکۆی سۆران
فاکەڵتیی ئاداب ـ بەشی مێژوو
salahadin.husain@soran.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پەیوەندیی شارستانی نێوان گەلانی کۆنی وڵاتی دوو ڕووبار و گەلانی کۆنی کوردستان لە ڕووی ئەدەبەوە، (داستان و ئەفسانە وەک دوو نموونە(١٥٩٥_١١٥٧ پ. ز)، ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی جۆری ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان ئەم دوو شارستانیەتەدا هەیە، ئەویش بە تیشکخستنەسەر هۆکار و کاریگەرییەکانی ئەم پەیوەندییە و شیکردنەوەیان.

تیایدا دەردەکەوێت کەوا بنچینەی ئەم ڕەگەزە شارستانییە بە پلەی یەکەم بۆ سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام گەلانی وڵاتی دوو ڕووبار بەتایبەتی بابلییەکان و ئاشوورییەکان لەلایەک، و گەلانی کۆنی کوردستان لەلایەکی ترەوە، ڕۆڵیان بینیوە لە پاراستن و وەرگێڕیان و پەرەپێدان و هەروەها گواستنەوەی بۆ ناوچەکانی تری خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن، ئەگەرچی کاریگەریی گەلانی وڵاتی دوو ڕووبار زیاترە لە هی گەلانی کۆنی کوردستان، بەڵام ڕۆڵی گەلانی کۆنی کوردستانیش گرنگ و بەرچاو بووە لە پاراستن و دووبارە داڕشتنەوە و لەبەرگرتنەوەی ئەم لایەنە ئەدەبییانەی وڵاتی دوو ڕووبار و هەروەها گواستنەوەی بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن، ئەمەو سەرباری ئەوەی کە بەڕێژەیەک توانیویانە لەم ڕووەوە کاریگەریش لەسەر وڵاتی دوو ڕووبار دابنێن.

وشە کلیلییەکان: ئەفسانە و داستان، ئەمورییەکان (بابلییەکان)، کاشییەکان، ئاشوورییەکان، خووری (میتانییەکان).

## پەیوەندیی شارستانی نێوان گەلانی کۆنی وڵاتی دوو ڕووبار و گەلانی کـۆنی کوردسـتان لە ڕووی ئەدەبەوە (داسـتان و ئەفسـانە وەک دوو نموونە) (١٥٩٥_١١٥٧پ. ز)

### پێشەکی

لە سـەدەی شـانزدەهەمی پـێش زاینـدا کۆمەڵێـک گۆڕانکـاری لە خـۆرهەڵاتی نزیکـی کۆنـدا ڕوویانـدا، ئەوانـیش بریتـی بـوون لە دەستبەسـەرداگرتنی بابل لەلایەن کاشییەکانەوە لە دوای هێرشـی پاشـای هیتی مورسیلیسی یەکەم Mursilis1(١٦٢٠_١٥٩٠ پ. ز) لە ساڵی ١٥٩٥ پ. ز و ڕووخانی دەوڵەتی بابلی، هەروەها میتانییەکان توانیان لەسەر پاشماوەی شانشینی خوورییەکاندا ئیمپراتۆریەتێک دروست بکەن بە ناوی ئیمپراتـۆریەتی میتـانی، جگە لەمەش میتانییەکـان توانیـان ئاشـوورییەکان بکەن بە پاشکۆی خۆیان بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک، کە لە بنەڕەتدا نە ئەمورییەکـان و نە ئاشـوورییەکان خەڵکـی ڕەسـەنی وڵاتـی دوو ڕووبـار نەبوون، بەڵکو بەهـۆی کۆچکردنەوە ناوچەکەیان داگیرکردبوو، هەروەها کاشـییەکان لە نـاوچەی لوڕسـتانەوە هـاتبوونە ناوچەکـانی بابـل و کەنارەکانی ڕووباری فوڕات لە عانە[1] بەرلەوەی دەست بەسەر دەسـەڵاتی سیاسیی بابلدا بگرن (سەیری نەخشەی ژمارە ١ بکە).

گشت ئەم جموجۆڵ و داگیرکاری و هێرشـە سـەربازییانە بێ هۆکـار نەبـوون، بەڵکـو لە ئەنجـامی کۆمەڵێـک هۆکـارەوە بـوون، کە هۆکـاری جـوگرافی و ئـابووری گرنگترینیـان بـوون، لەولاشـەوە کـۆچی هـۆزە هینـدۆ_ئارییەکان بـۆ ناوچەکـانی زاگـرۆس وایکردبـوو تـێکەڵاویەک لە پێکهـاتەی دانیشـتوانی کوردسـتاندا دروسـت ببێـت، هەمـوو ئەمـانەش هۆکـاربوون بۆ کاریگەربوون بە یەکتـری لە چەنـدین لایەنـی شارسـتانیی جیـاوازەوە، لە ناویشـیاندا ئەدەبـی ئەفسـانە و داسـتان، کە ئەم لایەنـانە

ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی ئەم دوو ناوچەیە بووە، هەروەها ئاین ڕۆڵی سەرەکیی بینووە لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتە ئەدەبییانەدا، چونکە ئاین ڕەگەکانی شۆڕبووبووەوە ناو ژیانی کۆمەڵگە و هەموو کونجێکی ژیانیانی داگیرکردبوو، هەربۆیە دەتوانین بڵێین ئەدەبی داستان و ئەفسانەی ئەم گەلانە بە ڕێژەیکی زۆر بەرهەمی ئەدەبی ئاینین.

هەموو توێژینەوەیەک بەهۆی بوونی کێشەیەکەوە ئەنجام دەدرێت، کە خۆی لە بوونی کەلێنێک یاخود بۆشاییەکدا دەبینێتەوە لە لایەنێکی دیاریکراودا، بیرۆکەی ئەم توێژینەوەیەش لە ئەنجامی درککردن بە ناڕۆشنی لە جۆری پەیوەندیی ئەدەبی لەنێوان ئەم دوو شارستانیەتەدا کە لە سەرچاوەکاندا باسکراون گەلاڵە بووە، بۆیە دەکرێت بپرسین کە ئایا داستان و ئەفسانەکان لە بنەڕەتدا هی کام شارستانیەتن؟ هەروەها ئەم گەلانە ڕۆڵیان چی بووە لە گۆڕانکاری و گواستنەوەی ئەم لایەنە ئەدەبییانە بۆ ناوچەکانی تری خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن؟ پاشان ئەو هۆکارانە کامانەن کەوا ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە دروست بوونی ئەم پەیوەندییە شارستانییە و برەودان پێی؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر مەبەستمانە لەم توێژینەوەیەدا بە وەڵامەکانیان بگەین، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریی مێژوویی بەکارهاتووە.

## کورتەیەک لە مێژووی سیاسیی گەلانی کۆنی وڵاتی دوو ڕووبار و کوردستان:

### یەکەم: گەلانی کۆنی وڵاتی دوو ڕووبار

#### ١_ئەمورییەکان:

ئەمانە لقێکن لە لقەکانی گەلانی سامی، کەوا لە کۆتایی هەزارەی چوارەم و سەرەتای هەزارەی سێیەمی پ. ز بەرەو ناوچەکانی وڵاتی

شام بەتایبەتی و (هیلالی خصیب) بەگشتی کۆچیان کردووە (الدسوقي، ١٩٨٢: ٦)، دامەزرێنەری بنەماڵەکەیان سومو_ئابوم Sumu_Abum(١٨٩٤_١٨٨١ پ. ز)ە (ساکز، ١٩٧٩: ٨٢)، بەناوبانگترین پاشای ئەم بنەماڵەیە بریتی بوو لە حامورابی Hamurapi(١٧٩٢_١٧٥٠ پ. ز)، کەوا شەشەمین پاشای بنەماڵەکەیەتی، لەسەردەمی ئەودا سنووری شانشینەکە فراوانی بەخۆیەوە بینیوە لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری(بازرگانی) (باقر و أخرون، ١٩٨٧: ١٨٢_١٨٣)، دوایین پاشای بنەماڵەکە ناوی سمسو_دیتانا Samsu_Ditana (١٦٢٥_١٥٩٥ پ. ز)بوو، کە بەهۆی هێرشی پاشای هیتی مورسیلیسی یەکەم (١٦٢٠_١٥٩٠ پ. ز)ەوە کوژرا و کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتیی ئەم بنەماڵەیە لە بابل هات (Holland, 2012: 104).

### ٢_ ئاشوورییەکان:

بۆچوونی جیاواز هەیە لەبارەی ناویان، سەرەتا ناویان بۆ خوداوەندەکەیان ئاشوور Ashur بەکارهاتووە، پاشان بۆتە نازناوێک بۆ ئاشوورییەکان، یاخود دەگەڕێتەوە بۆ ناوی شاری ئاشوور، کە پایتەختیان بووە (Borger, 1988: 55)، ئەمانە لقێکن لە لقەکانی سامیی خۆرهەڵاتی، کە لە ماوەیەکی مێژوویی زووەوە بە هۆکاری گۆڕانکاری لە کەش و هەواوە لە دوورگەی عەرەبییەوە کۆچیان کردووە (Olmstead, 1960: 1) و لە باکووری وڵاتی دوو ڕووبار (ناوچەی جزیرە)دا نیشتەجێبوونە (سلیمان، الفتیان، ١٩٧٨: ١٤٣).

لەسەرەتای سەردەمی ئاشووریی ناوەڕاستدا تاکو هاتنی پاشای ئاشووری ئاشوور_ئوبالت Assur_Ubalit(١٣٦٥_١٣٣٠ پ. ز) چەندین میر فەرمانڕەوایەتییان کردووە، کەوا سەر بە شانشینی میتانی بوون (عبدالله، مرعي، ٢٠١٤: ٣٦٠)، بەهاتنی ئەم پاشایە بۆ سەرتەختی شاهانە

قۆنــاغێکی نــوێ لە مێــژووی ئاشــوور دەســتپێدەکات، کەوا قۆنــاغی سەربەخۆیی و ئازادبوونە لە پاشکۆیەتیی شانشینی میتانی ( Holland, 2012: 105)، هەر ئەم پاشایە توانی دەست بخاتە ناو کاروباری سیاسیی کاشییەکان و لە ڕێگای ئەنجامدانی هاوسەرگیریی سیاسییەوە دەسەڵات بۆ نەوەکەی بەدەستبهێنێت، دوای ئەوە چەندین پاشای بەهێز فەرمانڕەوایەتییان کرد تاکو هاتنی پاشای بەهێزی ئاشووری توکلتی_نینورتای یەکەم (١٢٤٤-١٢٠٨ پ. ز)، کە توانی هێرش بکاتە سەر بابل و تاڵانکاری تیادا ئەنجام بدات، بەڵام لە دواییدا لەلایەن پیاوانی کۆشک و کاهینەکانی ئاشوورەوە تیرۆرکرا (باقر، ٢٠٠٩: ٥٣٦).

## دووەم: گەلانی کۆنی کوردستان

### ٣_کاشییەکان:

ناوی کاشییەکان لە سەرچاوە میژووییەکاندا بەچەندین شێوە هاتووە، هەندێک جار واتای جیۆگرافی و ڕەگەزییان هەبووە، کۆنترین ئاماژە بە ناوی کاشییەکان لە بەڵگەنامە ئیلامیەکاندا هاتووە، کە بۆ سەدەی بیست و چوارەمی پ. ز دەگەڕێتەوە ( Ghirshman, 1978: 65)، هەروەها بۆچوونی تریش هەیە کەوا لە ناوی خوداوەندەکەیان (Kashu)ەوە هاتبێت (المزوري، ٢٠٠٢: ٢٧).

بۆچوونی جیاواز هەیە لەبارەی ڕەچەڵەک و شوێنیان، بۆ نموونە لە هەزارەی سێیەمی پ. ز یەکێک بوونە لە گەلانی ناوچە چیاییەکانی زاگرۆس (Holland, 2012: 105)، هەندێکی تریش وای بۆ دەچن لە ڕەگەزی ئاسیایی بن و لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز تێکەڵ بە هیندۆ_ئەوروپییەکان بووبن (عمر، ٢٠١٣: ٨). دوای هێرشی هیتیەکان بۆ سەر بابل و پاشەکشەی لەناکاوی سوپای هیتی، کاشییەکان توانیان ئەو بۆشاییە بقۆزنەوە و دەست بەسەر بابلدا بگرن، هەروەها یەکەم

پاشـایان نـاوی ئـاگوم کـاکریمی(١٦٠٢_١٥٨٥ پ. ز) بـووه (بـاقر، ٢٠٠٩: ٤٩٧)، دوای ئەم پاشـایە نـۆ پاشـا فەرمانڕەوایەتییـان کـردووە، بابـل لە سەردەمی کوریکالزوی دووەم (١٣٣٢_١٣٠٨ پ. ز)دا بووە هێزێکی مەزن لە خـــۆرهەڵاتی نزیکـــی کۆنـــدا (مرعـــي، ١٩٩١: ٩٤_٩٦)، مـــاوەی فەرمـانڕەوایەتی کاشـییەکان لە وڵاتـی دوو ڕووبـاردا بە درێژتـرین مـاوە دادەنرێت، کە بارودۆخ تیایدا نیمچە جێگیربووە، چونکە کاشییەکان ڕێزیان لە بیروبـاوەڕی ئـایینی بابلییەکـان گرتـووە و سیاســەتێکی ژیرانەیـان لە نـاوخۆی وڵات و دەرەوەدا پەیـڕەو کـردووە، ئەمەش بـۆتە هـۆی دایـبن کردنی ئارامی و ئاوەدانی و بنیاتنان و پێشکەوتن و گەشەسەندنی باری دارایی لە ڕێگای ئەنجامدانی بازرگانییەوە (باقر، ٢٠٠٩: ٤٩٨_٤٩٩).

**٤_میتانییەکان:**

هەرچی ناوی Mitan(n)i, Mittanni, Maittani یە بۆ زەوییەکانی سەرووی دوو ڕووبار و خاڵی سێگۆشەی خابوور بەکارهاتووە، میسرییە کۆنەکانیش بۆ یەکەم جار لە سـەردەمیThutms1(١٥٢٥_١٥١٢ پ. ز)دا شانشـــینی میتانییـــان بە (Naharyna) نـــاوبردووە (علـــي، ١٩٨٦: ٢٨)، ئەمەش لە گۆڕستانەکانی میسری کۆن و شـاری (طيبة)[١٠]دا دۆزراوەتەوە (Edzard,1993: 286_287)، لە تابلۆکـــانی نـــامە گۆڕینەوەکـــانی عەممارنە(تل العمارنة)[١١] شدا بە (Mittani) ناوی هاتووە، واتاکەشی تاکو ئێســتا نەزانــراوە، ئاشــووریەکانیش بە (Hanigalbat) ناویـان بـردووە (عبدالله، مرعي، ٢٠١٤: ٣٥١).

خووریەکان (میتانییەکان) کۆچیان کردووە بۆ ناوچەی جزیرە و توانیویانە دوای نەمانی ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی لە باکووری ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دیجلە نیشـتەجێ ببن، یەکەمـین شانشـینیان لەژێـر فەرمـانڕەوایەتیی Atal_Shen دا بـووە، کە ڕاسـتەوخۆ دوای ڕووخـانی

ئیمپراتــۆریەتی ئەکەدی دامەزراوە (برکــات، ۲۰۰۸: ۱۱۸) (مرعــي، ۲۰۱۰: ۱۳۰)، پاشان لەسەر پاشماوەی ئەم شانشینە خوورییە، شانشینی میتانی لە ســــەدەی شــــانزدەهەمی پ. ز دامەزرا، دانیشــــتوانەکەی لە نەتەوە چیاییەکــان بــوون و بە خوورییەکــان ناســرابوون، کە لە ناوچەکــانی دەوروبەری دەریـاچەی وانـدا نیشـتەجی بـوون (الخلیفـاوي، ۲۰۰۹: ۲٤۳)، هەروەهـا فەرمانڕەواکانیشـیان لە چینـی ئەرسـتۆکراتی جەنگـاوەر بـوون (Holland, 2012: 104).

تاکو ئێستا بە دڵنیایی نازانرێت کێ دامەزرێنەری شانشینی میتانییە، نوسراوی بەناوبانگی سەر مۆری میتانی "شوتارنا کوڕی کیرت پاشای میتان" ئەوە دەردەخات کە هەر لە ناوەڕاستی سەدەی شانزدەهەمی (پ. ز)ەوە شانشینی هیندۆ_ئارییەکان بە تەواوەتی بوونی هەبووە، بەڵگەی زۆریش هەیە سەبارەت بە پاشکۆیەتیی پاشا سووریەکان بۆ پاشایانی هیندۆ_ئاری میتانی (گولیاموف، ۲۰۱۱: ۲۱۲).

شانشینی میتانی لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی (پ. ز)دا دەسەڵاتی بەرزی هەبوو، ئەم دەسەڵاتە لە ساڵی ۱٥۰۰ پ. ز بۆ ساڵی ۱۳٦۰پ. ز بەردەوام بووە (عبدالله، ۱۹۹۰: ۹۳)، شوێنەکەشی لە باکووری سووریا بووە و بەدیاریکراوی دۆڵی خابوور و دەوروبەری لەخۆگرتووە، پاشان گروپێکــی بچــووکی هێنــدۆ_ئەوروپی کە لە ســوارچاک پێکهــاتبوون، سەرکردایەتیی ئەم شانشینەیان گرتە دەست (Kantor, 1999: 541).

ئەم شانشینە لە یەکگرتنی چەند هەرێمێک پێکهاتبوو، لەگەڵ بوونی فەرمانڕەوا بۆ هەر هەرێمێک، لەسەرووی هەموو ئەو فەرمانڕەوایانەش پاشا هەبوو، کە خاوەنی دەسەڵاتی باڵای شانشین بوو، شانشینەکە توانیــویەتی بــۆ مــاوەیەکی زۆر و لە نێــوان ســەدەی (١٦_١٤) پ. ز فەرمــانڕەوایەتی بەشــی زۆری کوردســتانی ئێســتا بکــات، دەســەڵاتی لە

(وان)ەوە درێژبـوّتەوە تـاکو کەرکـوک و لە چیاکـانی سـلێمانیەوە تـاکو کەناراوەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست (اسماعیل، ۱۹۹۷: ٦۸).

شتێکی وا لەبارەی سەرەتای دامەزراندنی ئەم شانشینە نازانین تەنها ئەوە نەبێت کە هەواڵی پاشـای بەهێزی میتانی Barattana (دەوروبەری ۱۵۰۰_۱٤۷۰ پ. ز) لە بەڵگەنامەی ژیاننامە و یاداشتی Edrimi دا هاتووە (مرعـي، ۲۰۱۰: ۱۳۳)، بەڵام بە پێـی دەقەکـانی سـۆمەری و لە دەوروبەری (۱۵۰۰ پ. ز)دا، پاشایەکی بەهێزبووە و کـاری بـۆ بەهێزکردنـی دەسـەڵاتی شانشـینەکەی کـردووە، سـەرباری ئەوەی توانیـویەتی هێمنـی و ئـارامی و پێشـکەوتن لە گشـت لایەکـی شانشـینەکەی بەرقەرار و دەسـتەبەر بکـات، هەر بـــۆیەش زۆر لە تـــوێژەران پاشـــا Barattana بە دامەزریـــنەری شانشینی میتانی دادەنێن (الخلیفاوي، ۲۰۰۹: ۲٤٤).

مێژوونووسـێک پاشـا Saushshatar ( دەوروبەری ۱٤۲۵_۱٤۰۰ پ. ز) بە یەکێک لە دیارترین سەرکردەی سیاسـی و سـەربازیی شانشـینی میتانی دادەنێت، چونکە لە هێرشێکی یەکلاکەرەوە و خێرادا دەستی بەسەر ئاشـــووردا گـــرت و لە هێڵـــی پشـــتەوەی ســـوپاکەی لەلای خـــۆرهەڵات دڵنیـابۆوە، زۆر دەسـتکەوتی گرانبەهـای لەگەڵ خۆیـدا لە ئاشـوورەوە بـۆ واشـۆکانی هێنـایەوە، لە ناویانـدا دەرگـای ئاشـوور، کە بە زێـڕ و زیـوی ڕووپـۆش کرابـوو، تێدابوو (گولیـاموف، ۲۰۱۱: ۲۱٤)، هەروەهـا لە یەکێـک لەو نامانەی کە لە نوزیدا دۆزراوەتەوە، تیایدا هاتووە شانشـینی میتـانی لە سەرەتای سـەدەی پانزدەهەمی پ. ز و سـەردەمی پاشـا Saushshatar دا گەیشـتۆتە ئەوپەڕی بەهێـزی، لە خۆرئـاوادا گەیشـتۆتە سـەر دەریـای ناوەڕاســت و لە باشووریشــەوە گەیشــتۆتە (قطنــة) و هەمــوو بــاکووری ســـووریا و بەشـــی بـــاکووری وڵاتـــی دوو ڕووبـــار (برکـــات، ۲۰۰۸: ۱۲٤_۱۲۵).

پاشـــا Tushrata دوایـــین پاشـــای میتـــانی بـــووە کە بە تەواوی سـەربەخۆ بـووە، ئەمەش بە پێـی ئەو نـامە زۆرانەی کە لە تۆمارەکـانی گـــردی عەممـــارنە (تـــل العمارنـــە)دا بە زمانەکـــانی خـــووری و بـــابلی دۆزراونەتەوە (Soden,1994 : 29)، دوای ئەوە کێشـە ناوخۆییەکـانی نـاو بنەمـاڵەی فەرمـانڕەوای میتـانی لەسـەر دەسـەڵات هۆکـارێکی بەهێـزی لەناوچوونی شانشینەکە بووە، لە ئەنجامدا شانشینەکە لەلایەن ئاشـووری و هیتییەکانەوە کۆتایی پێ هێنرا (الخلیفاوي، ٢٠٠٩: ٢٤٩).

**ئەفسانە و داستانەکان[٢]:**

ئەم ئەفسانە و داستانانە بە هی بابلی دەژمێردرێن، سـەرباری ئەوەی زۆرێـــک لە دەقەکـــانی نووســـەرە ئاشـــوورییەکان لە دەقـــی کـــۆنتر لەبەرگیـــراونەتەوە و نووســـراونەتەوە و لە پەرتووکخـــانەکەی پاشـــای ئاشـــووری ئاشـــوورپانیباڵ[٣] ەوە وەرگیـــراون، توێژەرێـــک دەڵێـــت: "بەدڵنیـاییەوە نوسـەرە ئاشـوورییەکان بەشـداربوونە لە گواسـتنەوەی ئەم جـۆرە ئەدەبەی بنەمـــاڵەی بـــابلی، هەروەهـــا دەســـتکارییان کـــردووە و کردوویـــانە بەو شـــێوەیەی کە لە پەرتووکخـــانەی ئاشـــوورپانیباڵدا هەیە"(Hooke, 2013, 38_39).

توێژەرێـک ئامـاژەی بە گرنگیـدانی کاشـییەکان داوە لە پاراسـتنی نەریتـی سـۆمەری و ئەکەدی و بابلیەکـان لە بوارەکـانی ئەدەب و نووسـین و زماندا، ئەمەش هەوڵێکی هۆشـیارانەی ئەم بنەمـاڵەیە بـۆ ئەوەی سـیمای دەوڵەتـی بـابلیی پێش خـۆی بپارێزێت، لەلایەکـی تریشـەوە ئەو سـەردەمە بڵاوبوونەوەی نووسینە ئەدەبییەکانی بەخـۆیەوە بینیوە، لەوانەش ئەفسـانە و داسـتانەکانی وڵاتـی دوو ڕووبـار لە چەنـدین وڵاتـی خـۆرهەڵاتی نزیکـی کۆندا بڵاوبـوونەتەوە، بەتـایبەتی سـووریا و فەلەسـتین و میسـر و ئاسـیای بچـووک، دەکرێـت بگـوترێـت بازرگـانیی دەرەکـی کە بـایەخێکی زۆری

هەبــووە لای میتانییەکــان، یەکێــک بــووە لەو ڕێگایــانەی کە بــۆتە هــۆی بڵاوبــوونەوەی ئەم دەقە ئەدەبییــانە، ســەرباری بــوونی پەیوەنــدیی تــری میتانییەکان لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا، هەروەها بوونی ڕوودانی چەندین جەنگ و لەشکرکێشــی لەنێــوان هیتــی و خــووری و میتانیــدا هۆکــارێکی تــری دروستبوونی ئەم پەیوەندییە بووە (Knapp, 1988: 156).

بۆیە گرانە بەلای توێژەرانەوە کە بەدڵنیاییەکی تەواوەوە بزانن، ئایا کاشییەکان ئەدەبییاتی تایبەت بەخۆیان هەبووە؟، چونکە هەوڵی توێژەران نەبــۆتە هۆکــاری دۆزیــنەوەی ئەدەبییــاتی تــایبەت بەخۆیــان، لەوانەیە دۆزینەوەکــانی داهــاتوو و شــیکردنەوەی دەقە مێخەکییەکــانی ســەردەمی کاشــی بــوار بــۆ ئەم بــابەتە بڕەخســێنێت، کە بەشــێوەیەکی ورد لێــی بکــۆڵرێتەوە، بــۆیە ئەگەر بــاس لە نوســراوە ئەدەبییەکــان بکرێــت، کە لە ســەردەمی کاشــییەکاندا بڵاوبــوون، ئەوا بە بەراورد بە ســەردەمی پــێش خــۆی جیــاوازە، چــونکە ســەردەمی کاشــی بە ســەردەمی کــۆکردنەوە و ڕێکخستنی فۆلکلۆر و بیرۆکە ئەدەبییەکان دادەنرێت، هەروەها لە ڕووی وەرگێڕانیشەوە، ئەوا زۆر دەقیان لە زمانی سۆمەری وەرگێردراوتە سەر زمــانی ئەکەدی، زیــاتر لەمەش نوســەرە کاشــییەکان دەســتیان کــردووە بە کــۆکردنەوەی کــار و نوســینی کاهینەکــان و ڕێکخســتنیان لە قــاموس و ئینســــکلۆپیدیای تــــایبەت بە فەلەکناســــی و پێشــــبینییەکانی داهــــاتوو (التنبؤات)(المزوري، ٢٠٠٢: ٨٥). بەهاتنی کاشییەکان بۆ ســەر دەســەڵات لە بابــل، شــێوەزاری بــابلیی نموونەییــان بــۆ زمــانی ئەکەدی داهێنــا، کە شێوەزاری بابلی کۆنی لەخۆگرتبوو بە دەستکاریەوە (کابلیس، ١٩٩٥: ٦)، کە خەتــی نووســینی مێخەکــی ســەردەمی کاشــییەکان بە بەروارد بە ســەردەمی بــابلیی کــۆن وردتربــووە (یــونس، ١٩٨٧: ٦٨_٦٩)، هەروەهــا کاشییەکان ڕۆڵیان بینی لە گواستنەوەی ئەم شێوەزارە بۆ ناوچەکانی تر، ئەویش لە ڕێگای پەیوەندیی بازرگانی و سیاسییەوە (علي، ١٩٨٢: ٢٠١)، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆکاری گواستنەوەی نموونە وەرگێڕدراوەکانی

ئەدەبی سۆمەری بۆ سەر زمانی ئەکەدی_شێوەزاری بابلیی نموونەیی، بەتایبەتیش ئەدەبی ئەفسانە و داستان، هەروەها گواستنەوەی بۆ ناوچەکانی دەوروبەر و خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن (حنون، ٢٠١٦: ٢٤٥).

تێبینی دەکرێت هاوشێوەی لایەنی ئاینی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گشت لایەنەکانی تر هەیە، لە ئەدەبی ئەفسانە و داستانیشدا هەمان کاریگەریی بابلی بەسەر ئاشووردا بەدی بکرێت لە سەردەمی ئاشووریی ناوەڕاستدا، چونکە بەشی هەرە زۆری ئەم جۆرە ئەدەبە پەیوەندیی بەلایەنی ئاینیەوە هەیە، هەروەها کاریگەریی ئەدەبی سۆمەری زۆر بەرچاوە، وەکو دیارە بنچینەی هەرە زۆری ئەفسانە و داستانەکان بۆ سۆمەرییەکان دەگەڕێنەوە. لەلایەکی تریشەوە، داهێنانی شێوەزاری بابلی بۆ زمانی ئەکەدی دەکرێت یارمەتیدەرێکی باش بووبێت بۆ گواستنەوەی ئەم دوو لایەنە ئەدەبییە بۆ ناوچەکانی دەوروبەریان.

بۆیە چەند نموونەیەکی ئەفسانە و داستان وەردەگرین، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

## یەکەم: ئەفسانەکان

### ١_ئەفسانەی دروستکەری بابلی (قصة الخليقة البابلية):

یەکێک لە گرنگترین دەقە ئەدەبیەکانی وڵاتی دوو ڕووبار ئەفسانەی دروستکەری بابلییە ئینوما ئیلیش (Enumma_Elish)، بۆیە ئەم ناوەی پێ دەڵێن چونکە یەکەم دێری هۆنراوەکە بەم دەربڕینە دەست پێدەکات، هەروەها لە کاملترین و درێژترین نموونەی چیرۆک دروستکردنە، لای ئاشووریناسەکانیش بە (حەوت تابلۆکەی دروستکردن) ناسراوە (سلیم، ٢٠١١: ٤٠٨).

لەم ئەفسانەیەدا ڕێکخستنی گەردوون ڕوون دەبێتەوە، ئەویش دوای ئەو ئاڵۆزییانەی خوداوەندەکان دروستیان کردووە، هەروەها بنچینەی ئەم ئەفسـانە سـۆمەریە لە هەردوو شارسـتانیەتی بـابلی و ئاشـووریدا بڵاوبـۆتەوە، چـونکە بـۆ شـیکردنەوەی گەردوون نوسـراوە، ئەم شـتەش بیری دانیشتوانی کۆنی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بیرکردنەوە سەبارەت بە بنچیـنەی شـتەکان و هۆکارەکـانی بـوونی زەوی و ئاسـمان و هەوا و هەر چوار لاکان و هی تر، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشـە کە ئەم ئەفسانەیە چەنـدین پـاڵەوانی لەخۆگرتـووە، ئەمەش بـۆ چەنـدیەتیی ئەو شارسـتانیەتانەی کەوا باسمان کردن دەگەڕێتەوە، بۆ نمـوونە خوداوەنـد ئینلیـل (Enlil) پـاڵەوانی دروسـتکەری سـۆمەرییە، خوداوەنـد مەردۆخ (Marduk)یش پاڵەوانی دروستکەری بابلییە، هەروەها خوداوەند ئاشـوور (Ashur) یش پاڵەوانی وێنەی دروستکەری ئاشووریە (الکریماوي، ٢٠١٦: ١٧٩)، چـونکە بەپێی ئەو بەڵگەیەی کە لە پایتەختی ئاشـووریەکان شـاری ئاشـوور(قەڵای شـەرگات)دا، کە لەلایەن تیمـی پشـکنینی ئەڵمانییەکـان لە سـاڵی ١٩١٤ز دا دۆزراوەتەوە، بەتـایبەتیش لە تابلۆکـانی (١، ٦ و ٧)دا گۆڕانکـاری بەدی دەکرێـت، ئەویـش بـریتییە لە دانـانی نـاوی خوداوەنـد ئاشـوور Ashur لە شـوێنی نـاوی خوداوەنـد مەردۆخ Marduk لە چیرۆکەکەدا (هایدل، ٢٠٠١: ١٣_١٤).

لەبارەی سـەردەمی نوسینی ئەم ئەفسـانەیە بۆچوونێک هەیە، کەپێی وایە کـاتی دروسـتکردنی ئەم چیـرۆکە بـۆ سـەردەمی بـابلیی کـۆن دەگەڕێـتەوە، بەڵام تـوێژەر سـاکز وای دەبینێـت، کە لە سـەردەمی کاشـییەکاندا نوسـراوە، چـونکە ئەو سـەردەمە چـالاکی زۆری بەخـۆیەوە بینیوە، کە تیایدا ئەدەبی ئاینی بابلی بەرز نرخێنراوە، هەروەهـا خوداوەند مەردۆخ Marduk تـاکو دوای سـەردەمی بـابلیی کـۆن نەیتوانیـوە ببێـتە سـەرداری گشـت کـۆمەڵگەی خوداوەنـدەکان، بەتـایبەتیش کە ئەفسـانەکە لەبارەی خودی خوداوەند مەردۆخ Markدukەوەیە (ساکز، ١٩٧٩: ٤٦٣).

لەلایەکی تریشـەوە، هەندێک نووسـین لەسـەر تۆمـاری پاشـای کاشـی Agum2(١٥٩٨_١٥٧٩پ. ز) نۆیەمین پاشـی بنەماڵەکەدا دۆزراوەتەوە، کە ڕاسـتەوخۆ دوای بنەمـاڵەی بـابلیی یەکەم فەرمـانڕەوایی کـردووە، لەو نووسـینەدا دەردەکەوێـت بە دروسـتی ئەم ئەفسـانەیە لەو سـەردەمەدا ناسـراوبووە، کە تیایـدا باسـی گێـڕانەوەی هەردوو پەیـکەری خوداوەنـد مەردۆخ Marduk و خێزانەکەی زڕبانیتم Zerbanitim کراوە، هەروەها بـاس لەوەش دەکـات چـۆن داوای لە کرێکـاران و هونەرمەنـدان کـردووە دەرگـای ئەم دوو خوداوەندە بە نەخش و نیگاری ئاژەڵە ئەفسانەییەکانی وەکو (ماری پیس، تنینی لەخمۆ، گامیشـی بەیسـون، شـێری بەهێز، سـەگی هار، پیاوی دووپشـک، ماسـیی چەنـاگەدار) بڕازێننەوە، کە جگە لە ماسـیی چەنـاگەدار، ئەوا گشـت ئەم ئـاژەڵە ئەفسـانەییانە ناویـان لە ئەفسـانەکەدا هاتووە (هایدل، ٢٠٠١: ١٧)، سەرباری ئەمەش لە ناوچەی سـوڵتان تەپە لە وڵاتـی هیتییەکـان، دوو تـابلۆی ئەم ئەفسـانەیەی تیـادا دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەیـان بـۆ نیـوەی دووەمـی هەزارەی دووەمـی پ. ز دەگەڕێـتەوە (خلیل، ٢٠١٥: ٢٠١).

ئەم ئەفسـانەیە بە یەکێـک لە گرنگتـرین داسـتان دادەنرێت لە ئەدەبـی ئاینیـدا، هەروەهـا سـەرچاوەی بنچینەیـیە لە لێکـۆڵینەوە لە بیروبـاوەڕی بابلییەکان سەبارەت بە دروستکردنی جیهان و مرۆڤ (علي، ١٩٨٥: ٣٢٦)، هەروەهـا تەنهـا بریتـی نیـیە لە چیرۆکێـک کە لە دەوری دروسـتکردن و پێگەیشـتن بخـولێتەوە، بەڵکـو چیرۆکێکـی دروسـتکراوە، کە لە ڕێگـایەوە چۆنیەتیی گەیشـتنی خوداوەند مەردۆخ Marduk بەو پلەیە شـیدەکاتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی شـەرعیەت بە گەیشـتنی بەو پێگەیە بـدەن، چـونکە بەم شـێوەیە نەبێـت نەدەتـوانرا چ بابـل کە شـارێکی نـوێیە و چ مەردۆخ Marduk کە خوداوەندێکی ئاساییە، ئەم پێگە بەرزە بەدەست بێنن، بۆیە جـگە لە مەبەسـتی ئـاینی مەبەسـتی سیاسـیش لە پشـت ئەم هەنگـاوەی کاهینەکان هەبووە (هایدل، ٢٠٠١: ١٣_١٤).

ئەمە دەری دەخـــات ئەگەر کاشـــییەکان ئەم هەوڵ و کۆششـــانەیان نەدابـایە، ئەوا ئەدەبی وڵاتـی دوو ڕووبـار بەشـێوەیەکی گشـتی و ئەدەبـی ئەفسـانە و داسـتان بەتـایبەتی تووشـی لەنـاوچوون یـاخود کەموکـورتی دەبـوو، هەروەهـا ئەگەری زۆری هەبـوو بەشـێکی زۆری لەناوچووبـایە، بۆیە لێرەدا ڕۆڵی ڕۆشنبیرییانەی کاشییەکان لە نووسین و کۆکردنەوە و پاراستنی ئەدەبی وڵاتی دوو ڕووباردا بەرز دەنرخێنرێت، چونکە جووڵە و چالاکی و تێچوونی زۆری ماددی و مەعنەوی لەم پێناوەدا بەکارهێنراوە، ئەمەش نیشـانەی بەرزیـی ئاسـتی تێگەیشـتنی کاشـییەکان و توانەوەیـان لەنـــاو شارســـتانیەتی وڵاتـــی دوو ڕووبـــاردا نیشـــان دەدات. لەلایەکـــی تریشـەوە، دەری دەخـات کەوا هەر لە زووەوە ئـاین و سیاسـەت چۆن بۆ خزمەتکردنی یەکتر بەکارهێنراون.

## ٢_ئەفسانەی ئادابا Adaba:

یەکێـک لەو ئەفسـانانەی کە لە سـەردەمی کاشـییەکاندا بڵاوبـۆتەوە، بـــریتییە لە ئەفســـانەی ناســـراو بە(ئادابـــا)، وێنەیەکـــی ئەم ئەفســـانەیە لە عەممـــارنە[٤]ی پـــایتەختی ئیخنـــاتۆن(١٣٦٧_١٣٥٠ پ. ز)دا دۆزراوەتەوە، ئەفسـانەکە لەبـارەی بەدەسـتهێنانی نەمـرییە (المـزوري، ٢٠٠٢: ٨٥)، کە کورتەی ئەفسانەکە بریتییە لەوەی کەسێکی باوەڕدار کە نـاوی ئادابـایە، لە شـاری ئەریـدو Earidu [٥]ی وڵاتـی سـۆمەردا دەژیـا، ڕۆژێکیـان بە بەلەمەکەی خەریکـی ڕاوکـردن بـوو، بـای باشـوور هەڵیکـردووە و بەلەمەکەی سـەرەوە ژێـر بـووەوە، ئادابـا تـوڕە بـووە و بـای باشـووری گرتووە کە ناوی شـوتو (Shutu) بووە و باڵەکانی شکاندووە، لەبەر ئەم هۆیەش با بۆ مـاوەی حەوت ڕۆژ هەڵـی نەکردووە، کـاتێکیش خوداوەنـدی ئاسمان ئانو Anu[٦] هەسـتی بەمە کـردووە، بە شـوێن وەزیرەکەی خۆیـدا نـاردووە و داوای ڕوونکـردنەوەی لێکـردووە، ئەمـیش پێـی ڕاگەیانـدووە ئادابـا وایکـردووە، بـۆیە داوا کـراوە ئادابـا لەبەردەم خوداوەنـد لە ئاسـماندا

ئامادەبێت، وارێککەوت چاوی بە خوداوەندی دانایی ئایا Ea [٧]بکەوێت، داوای ڕاوێژ و ئامۆژگاری لەم خوداوەندە کرد، ئەمیش ئامۆژگاری کرد کە خۆی بە خەمبار نیشان بدات و قژی بژ بکات، کاتێکیش گەیشتە بەردەم دەرگای خوداوەند ئانو دوو خوداوەندی پاسەوان دەبینێت، ئەگەر هاتوو پرسیاریان لەبارەی هۆکاری خەمباربوونەکەیان لێکرد، بڵێت بەهۆی ئەوەوەیە کە دوو خوداوەند لەسەر زەویدا ونبوونە، هەروەها ئەگەر ناوی دوو خوداوەندەکەیان پرسی بڵێ ناویان دموزی/تەموز Dimuzi[٨] و Kazida ن، بەمەش ویستی ئەم دوو پاسەوانە هەستی باشیان بەرانبەری هەبێت، چونکە ئەمانە هەردوو خوداوەندەکە بوون، هەروەها لای خوداوەند ئانو بۆی دەپاڕێنەوە، لە کۆتاییدا خوداوەند ئایا ئاگاداری ئادابای کردەوە هیچ خواردن و خواردنەویەک نەخوات، کە لەلایەن خوداوەندی ئاسمانەوە پێشکەشی بکرێت، چونکە ئەگەر هەر شتێک بخوات بێگومان دەمرێت، کاتێکیش ئادابا لەبەردەم خوداوەندی ئاسمان ئامادەبوو و بۆی شیکردەوە بۆچی باڵەکانی بای باشووری شکاندووە، لەو کاتەشدا هەردوو خوداوەندی پاسەوان دوموزی/تەموز Dimuzi و گزیدا Gizzida ئامادەبوون و لە بەرژەوەندیی ئادابا قسەیان کرد، ئەمە بووە هۆکاری هێمن بوونەوەی خوداوەندی ئاسمان، هەروەها ئەم خوداوەندە ویستی پاداشتی ئادابا بکات لە بەرانبەر باوەڕداربوونی، لەو کاتەدا فەرمانی کرد ئادابا نان و ئاوی ژیان بخوات، بەڵام ئەم ئامۆژگاری خوداوەندی دانایی بیرکەوتەوە، بۆیە ڕەتیکردەوە، لەو کاتەدا خوداوەندی ئاسمان پێکەنی و بە گاڵتەجاڕییەوە پێی گوت تۆ ڕەتتکردەوە بخۆیت و بخۆیتەوە بۆیە ژیانی نەمریی بەدەست ناهێنیت، پاشان بە پاسەوانەکانی گوت بیگێڕنەوە بۆ سەر زەوی، بەمشێوەیە ئادابا وەکو گلگامێش دەرفەتێکی بەنرخی لەدەستدا بۆ ئەوەی نەمری بەدەستبهێنێت (باقر،٢٠١٠: ١٦٧_١٦٨).

هەربۆیە ئادابای خاوەن زانست، وەکو دەگوترێت نزیک بوو نەمری بەدەستبهێنێت، بەڵام بەهۆی خراپی جووڵانەوە و نەزانییەکەی و هەروەها گـوێڕایەڵییەکی کـوێرانە بـۆ خـاوەنەکەی، تـاکە دەرفەتـی ڕەخسـاوی بـۆ گەیشـتن بە نەمـری لەدەسـتدا، ئەمەش بـووە هۆکـاری ئەوەی بەدەسـتی خـاڵی بگەڕێتەوە ئەریدو بـۆ ئەوەی بچێتەوە سـەرکاری پێشـووی خـۆی، ئەمیش وەکو ئەوانی تر بووە قوربانی ململانێی خوداوەندەکان، چونکە هەریەک لە خوداوەندەکان بـۆ لایەک ڕایـان دەکێشـا، ئەمەش دوو دڵـی لا دروست کرد و بووە هۆی ئەوەی نەزانێت چۆن هەڵبژێرێت و بڕیاربدات (ڤیروللو، ١٩٩٠: ٢٨).

لەم ئەفسـانەیەدا نـاوی هەندێک لە خوداوەندەکان هـاتووە، ئەمەش دەری دەخات کە ئەم خوداوەندانە لای کاشییەکان بە پیرۆز سەیرکراون. لەلایەکـی تریشـەوە، ململانـێ لەنێـوان خوداوەندەکانـدا بەدی دەکرێـت، ئەمەش یەکـێکە لەو سـیمایانەیە کە لە نـاو ئەدەب و ئـاینی وڵاتـی دوو ڕووبـاردا هەیە، کە هۆکـارەکەی بـۆ سـەختیی ژیـانی خەڵکـی ئەم وڵاتە دەگەڕێـتەوە، ئەم دیـاردەیەش کـاریگەریی خـۆی لە سـەردەمی کاشییەکانیشـدا جێهێشـتووە، جگە لەمەش دەکرێت کاشـییەکان لە ڕێگـای بازرگـانی و گرێـدانی پەیوەنـدیی دیبلۆماسـییەوە ئەم ئەفسـانەیەیان گواستبێتەوە بۆ وڵاتی شام و میسری کۆن، چونکە کاشییەکان لە ڕووی بازرگانی و دبلۆماسییەوە زۆر چالاک بوون، هەر ئەمەش وایکرد بۆ ئەم مـاوە درێـژە بتـوانن فەرمـانڕەوایەتیی وڵاتـی دوو ڕووبـار بـکەن، جـگە لەمەش لە سـەردەمی کاشـییەکاندا پەیوەندیی دبلوماسـی و هاوپەیمـانیەتی لەنێوان ئەمان و میسری کۆنی سەردەمی فیرعەون ئیخناتوندا هەبووە، کە دەکرێت لەم ڕێگایەوە ئەفسانەکە بۆ وڵاتی میسری کۆن گواسترابێتەوە.

**٣_ئەفسانەی سروودی شانشینێک لە ئاسماندا:**

چوارچێوەی سەرەکیی ئەفسانە زانراوەکانی میتانییەکان ململانێی خوداوەندە یەک بەدوای یەکتر داهاتووەکان لە چاخە ئەفسانەییە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت، لەگەڵ بوونە سەرداری خوداوەندی نەتەوەیی خووری و میتانی (با و بۆران)(Teshup)دا دەگاتە لوتکە، هەروەها تیایاندا باس لە چۆنیەتیی بەدەستهێنانی پۆستی خوداوەندەکان ناکرێت بە شێوەیەکی شەرعی، پاشان بەشێوەیەکی پەراوێزی باس لە پێکهاتنی بنەماکانی گەردوون دەکەن، بۆ نموونە ئەفسانەیەکی خووری هەیە بە ناوی:

(ئەفسانەی سروودی شانشینێک لە ئاسماندا)، ئەفسانەکە باس لە هاتنی سێ سەردەمی یەک لە دوای یەک دەکات بەر لە هاتنی خوداوەند تێشوپ Teshup بۆ سەر دەسەڵات، کە لە ئەفسانەکەدا ناوی خوداوەندەکانی ئانو Anu و ئالانو Alanu و کوماربی Kumarbi و تاشمیش Tashmish و تێشوپ Teshup هاتووە، ململانێی نێوان خوداوەندەکان بە زەقی لەسەر دەسەڵات بەدیاردەکەوێت، هەروەها تیایدا باس لە شاری نیپوری[٩] پیرۆزی سۆمەری دەکرێت، دەردەکەوێت کەوا ئەفسانە میتانییەکان کەوتونەتە ژێر کاریگەریی ئەفسانە سۆمەری و ئەکەدی و بابلییەکانەوە (ڤیڵهێلم، ٢٠٠٩: ١٣٢_١٣٤).

لەم ئەفسانەیەدا دەردەکەوێت کەوا هاوشێوەی ئەفسانەکانی وڵاتی دوو ڕووبار ململانێی خوداوەندەکانی لەخۆگرتووە، هەرچەندە تەنها یەک خوداوەندی وڵاتی ڕووباری لەخۆگرتووە، کە ئەویش خوداوەندی ئاسمانە ئانو (Anu)، بەڵام هاتنی ناوی ئەو خوداوەندە و شاری نیپوری پیرۆزی سۆمەری و ناوەرۆکی ئەفسانەکە کە ململانێی خوداوەندەکانی لەخۆگرتووە، گشتیان بەڵگەن لەسەر کاریگەربوونی میتانییەکان بە ئەدەبی ئەفسانەی وڵاتی دوو ڕووبار.

## ٤_ئەفسانەی دابەزینی عەشتار Ishtar بۆ جیهانی مردووەکان:

ئەم ئەفسانەیە بە گرنگترین دەقی بەڵگەنامەی مێخەکی دادەنرێت لەبارەی بیروباوەڕی جیهانی ژێرەوە (جیهانی مردووەکان لەژێر زەوی) بەپێی بیروباوەڕی دانیشتوانی وڵاتی دوو ڕووبار، کە بە زمانەکانی سۆمەری و بابلی نووسراوەتەوە، ئەفسانەکە لە بنەڕەتدا سۆمەرییە، کورتەی ئەفسانەکە ئەوەیە کە خوداوەند عەشتار Ashtar[١٠] مکوڕبووە لەسەر چوونە خوارەوەی بۆ جیهانی خواروو، بەرلەوەی بچێت بۆ ئەم جیهانە بە وەزیرەکەی نینشویر Ninshwer ڕادەگەیەنێت ئەگەر هاتوو لەم گەشتەدا نەگەڕایەوە ئەوا بەشێوەیەکی زنجیرەیی ئاگاداری خوداوەندەکانی ئینلیل Enlil[١١] و سین Sin[١٢] و ئایا Ea بکاتەوە، بەڵام کاتێک دەچێتە جیهانی خوارەوە لەلایەن خوشکەکەیەوە خوداوەند نێرشکسگال Ereshkigal[١٣] ەوە لە هەر دەرگایەک کە پیایدا تێدەپەڕێت بەشێک لە جل و خشڵەکانی دادەماڵرێت، کە ژمارەیان حەوت دەرگایە، تاکو وای لێ دێت هیچ شتێکی لەبەردا نامێنێت، ئەمەش مەرجە بۆ تێپەڕبوون بۆ لای خوشکەکەی، کاتێکیش دەگاتە لای خوشکەکەی و حەوت دادوەرەکە بەتەواوی دەبێتە جەستەیەکی مردوو، کە ئەمەش واتای ئەوەیە هەر کەسێک بچێتە جیهانی مردووەکان دەبێت بە مردوویی بچێت یان لەوێ بمرێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری هەموو نوێبوونەوەیەک لە ژیانی سەر زەویدا (موسكاتي، ١٩٥٧: ٨٦)، بۆیە وەزیرەکەی داواکارییەکەی جێبەجێ دەکات، بەڵام هیچ کام لە خوداوەندە ناوبراوەکان بەهانایەوە ناچن، ناچار پەنا دەباتە بەر خوداوەند Enki، کە خاوەنی دروستکراوی تایبەتە و دەتوانن بچنە جیهانی ژێرەوە و بگەڕێنەوە. ئەم ئەفسانەیە بەردەوام دەبێت و دەتوانن عەشتار Ashtar بگەڕێننەوە، بەڵام بەمەرجێ ئەوەی کەسێکی تر لەجیاتی جیهانی سەرزەوی و زیندووەکانەوە بچێتە جیهانی ژێرەوە، بۆیە وەزیرەکەی عەشتار Ashtarلەسەر زەوی و چەندین شاری سۆمەری دەگەڕێت بۆ ئەم

مەبەستە، لە کۆتاییدا دەگەنە شاری وەرکا[١٤]، کە شاری ئەم خوداوەندەیە و خوداوەنـــد دوموزی/تەمـــوز Dimuzi دەدۆزنەوە، کە خۆشەویســـتی خوداوەند عەشتارە، بەڵام هیچ بەلایەوە گرنگ نابێت کە خوداوەند عەشتار لە جیهانی مردووەکاندا گیری خواردووە، بەڵام لە کۆتاییدا ڕازی دەبێت، بۆیە دوموزی Dimuzi بۆ ماوەی نیو ساڵ دەبەنە جیهانی ژێرەوە و عەشتاریش دێتەوە سەر زەوی (Jastrow, 1915: 453_461).

دوو کـۆپی ئەفســانەکە دۆزراونەتەوە، کە ســەردەمی تۆمــارکردنی یەکەمیان بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز دەگەڕێتەوە، کە بە سەردەمی بابلیی کۆن (٢٠٠٦_١٥٩٥ پ. ز) ناسراوە، لە شارەکانی ئور و نوفەر دۆزراوەنەتەوە و بە زمانی سۆمەری نووسراون، دووەمیشیان بەشــێوەزاری ئاشــووری_زمانی ئەکەدی نوســراوە و بــۆ کۆتاییەکــانی هەزارەی دووەم دەگەڕێــتەوە، کە تابلۆکــانی لە شــاری ئاشـــوور و پەرتوکخــانەی ئاشــورپانیباڵ دۆزراونەتەوە، کـۆپی دەقــی ئاشــووریی ئەفسانەکە لە هی سۆمەریەوە وەرگیراوە، بەڵام هی سۆمەری درێژترە و وردەکاری زیاتری تێدایە، هەروەها تاکە جیاوازیی نێوان ئەم دوو کۆپییە لە ڕووی نــاوەرۆکەوە بــریتییە لە کۆتــایی ئەفســانەکە (علــي أ، ١٩٩٩: ٨٢_٨٣).

لەوانەیە زۆربەی ئەفســـــانەکان لەلایەن ئەمـــــوری (بـــــابلی) و کاشــییەکانەوە لە زمــانی ســۆمەرییەوە وەرگێــڕدرابن و لە ئەکەدیشــەوە لەبەریان گیرابێتەوە، چونکە لەسەردەمی ئەمورییەکان (بابلییەکان)دا زۆر لەو بابەتە ئەدەبییانە بە شێوەیەکی زارەکی لەنێو خەڵکدا مابوونەوە تاکو کاشــییەکان بە نووســینەوە و داڕشــتنەوەیان لە لەنــاوچوون ڕزگاریــان کردن، هەروەها ئاشوورییەکانیش زیاتر لاسایی بابلی و میتانییەکانیان دەکردەوە بەلایەنی کەم تاکو چارێگی یەکەمی سەردەمی ئاشــووریی ناوەڕاست، بۆیە دەکرێت وەریان گرتبێت و بە هەندێک دەستکاری و

گۆڕانکـارییەوە بڵاویـان کـردبنەوە، چـونکە بە شـێوەیەکی گشـتی ئەم دیـاردەیە لەلای ئاشـووریەکان بـاوبووە. لەلایەنـی ئاینیشـدا زۆر بە زەقـی بەدیاردەکەوێت، هەروەکو ئاشکراشـە ئەفسـانەکان ڕەنگدانەوەی ئـاینن لە وڵاتـی دوو ڕووبـاردا، چـونکە ئەدەب و ڕەگەزەکـانی تـر بە شـێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی ئاین بوون.

## ٥_ئەفسانەی پاشا ئیتانا و هەڵۆکە:

دەقێک هەیە باس لەم داستانە دەکات، کە بۆ سەردەمی بـابلیی کۆن دەگەڕێتەوە (٢٠٠٦_ ١٥٩٥پ. ز)، ئەم داسـتانە لە شـاری سوسـەی وڵاتـی ئیلامـدا[١٥] دۆزراوەتەوە، و نمـوونەی لە سـەردەمی ئاشـووریی ناوەڕاسـت (١٥٢١_٩١١ پ. ز)دا نووسـراوەتەوە، هەروەهـا نمـوونەی سێیەمیشـی لە پەرتوکخـانەی ئاشـوورپانیبالّدا کـۆپیکراوە، دەقەکە لەسـەر شـانزدە تـابلۆ نووسراوەتەوە و لە سێ بەش پێکهاتووە، زاناکان هەندێک جیاوازییـان لە نـاوەرۆکی داسـتانەکەدا بەدی کـردووە لەنێـوان دەقە جیاوازەکانـدا، بەڵام ڕووداوەکانیـان بەتەواوی هەمـان ڕووداون، داسـتانەکە بـاس لە چـوونی پاشـا ئیتانـا Itana[١٦] دەکـات بـۆ ئاسـمان، کە لەسـەر باڵەکـانی هەڵـۆیەک ڕۆیشـتووە، ئەمەش بەهـۆی توانـا جـادووییەکەیەوە توانیـویەتی ئەنجـامی بدات، هەروەک لە ئەفسانەی ئادابادا، کە ئادابـا توانیـویەتی بچێتە ئاسـمان، ئەمە بەهۆی بەهێزی پەرستنی خوداوەند ئیتاناوە بووە بۆ خوداوەند خـۆر شاماش، کە خوداوەندی دادپەروەرییە، کورتەی داسـتانەکە بـریتییە لەوەی خوداوەنـد ئیتانـا ئامـانجی هەبـووە لە چـوونە ئاسـمان بـۆ لای خوداوەنـد عەشـتار، چـونکە دەیەویسـت کـوڕێکی ببێـت بـۆ ئەوەی ببێتە میراتگـری، هەوڵیشـی بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕووەکـی لەدایـک بـوون دابـوو، تـاکو لە نـاو ڕەحمی خێزانەکەی دای بنێت، بۆیە گەشتەکە لەسەر پشتی هەڵۆکە ئەنجام دەدات، لە کۆتاییـــدا ڕووەکەکە لەگەڵ خـــۆی دەهێنێـــت، هەنـــدێک لە وەرگێڕانەکـانی ئەم دەقە ئاماژەیـان بەوە داوە کە گـوایە ئیتانـا چـوارەمین

پاشــای دوای تۆفـانەکەیە لە شــاری کـیش Kish[17]، هەروەهـا کـوڕەکەی بەنــاوی بــاڵخ Balkh شــوێنی گرتــۆتەوە و مــاوەی فەرمــانڕەوایەتیی بنەماڵەکەی چوارسـەد ساڵی خایاندووە (کریمر، ولکشتاین، ٢٠١٦: ١١٥_١١٨).

دۆزینەوەی دەقی ئەم ئەفسانەیە لە سێ شوێن و کاتی جیاوازدا ڕێک ئەوەمــان پــێ دەڵێــت کە بنچیــنەی داســتانەکە ســۆمەرییە، هەروەهــا کــاریگەربوونی بــابلی و کاشــییەکان و ئاشــوورییەکان بەم دەقە ئەدەبییەی تیـادا دەردەکەوێـت، چـونکە لە هەرسـێ مـاوە و شـوێنی مێژووییدا نمـوونەی دۆزراوەتەوە، ئەگەرچـی ئامـاژە بە دەسـتکاریی ناوەرۆکی دەقەکە دراوە و جیاوازن، بەڵام هەمـان ڕووداون، ئەمەش پێدەچێت بۆ دەستکاریی نووسـەرەکانی ئەو سـەردەمانە بگەڕێتەوە، هەروەهــا ڕەنــگە ئەم هەولانەیــان بــۆ ئەوە بووبێــت، کەوا لەگەڵ بــارودۆخ و بیرکــردنەوەی ســەردەمەکانی خۆیانــدا بیــانگونجێنن، هەروەهـــا کاشـــییەکان جـــووڵەیەکی فراوانـــی نووســـینەوە و لەبەرگرتنەوەیـان بـۆ نوسـینە ئەدەبییەکـانی سـەردەمی پـێش خۆیـان ئەنجامداوە، دەکرێت ئەم کارەشیان بەهـۆی ئەو کاریگەربوونەیـانەوە بووبێت بەم نووسینە ئەدەبییانەوە.

**٦_ئەفسانەی باڵندە زو(Zu):**

ئەم باڵندە ئەفسـانەییە کە بابلییەکـان پەرسـتوویانە، لەسـەر شـێوەی داڵێک کە سەرەکەی شێرە، لای ئاشوورییەکانیش ناسراوبووە، هێماکەشـی بریتـی بـوو لە باڵنـدەیەکی بـاڵ کـراوە کە سـەری شـێری هەبـوو، بەڵام ئەفسانەکە لای توێژەران بە ئەفسـانەی باڵندەی زو Zu ناسـراوە، چەندین دەقی ئەم ئەفسانەیە بە زمانی بابلی لە سەردەمی جیاوازدا دۆزراونەتەوە، هەنــدێکیان لە پەرتوکخــانەی ئاشــوورپانیباڵدا دۆزراونەتەوە، هەروەهــا

هەندێکی تریان بۆ سەردەمی بابلیی کۆن دەگەڕێنەوە، کە لە سوسەی پایتەختی ئیلامدا دۆزراونەتەوە، جگە لە مانەش دەقی تری بە زمانی سۆمەری دۆزراونەتەوە، هەندێک لە توێژەرانیش ناوی ئەم باڵندەیان بە ئانزو (Anzu) نووسیوە، ئەم خوداوەندەشیان بە خوداوەندێکی جیهانی خواروو (جیهانی مردووان) داناوە، کورتەی ئەفسانەکەش بریتییە لەوەی کە بە هۆکارێک ئەم باڵندەیە نێردراوە بۆ خزمەتکردنی خوداوەند ئینلیل، بەڵام توشی بەخیلی پێ بردن دەبێت و ئارەزووی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتەکانی خوداوەند ئینلیل Enli و تابلۆکانی قەدەر دەرفێنێت، کە نهێنیی دەسەڵاتی مەزنی ئەم خوداوەندەن و هێزی جادووگەری هەیە و سیستەمی ڕێکخستنی گەردوونی تێدا نووسراوەتەوە، بۆیە کاتێک خوداوەند خەریکی خۆشوشتنە ئەم باڵندەیە دەرفەت وەردەگرێت و تاج و تابلۆکانی قەدەر دەرفێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پشێوی لەناو کۆمەڵگای خوداوەندەکاندا، بەڵام لە کۆتاییدا دەتوانرێت تاج و تابلۆکانی قەدەر لە باڵندە زو Zu وەربگیرێنەوە (الكريماوي، ٢٠١٦: ٢٣١_٢٣٢).

تێبینی دەکرێت کەوا دەقەکانی ئەفسانەکە بە زمانەکانی سۆمەری و بابلی نووسرابن، هەروەها لە شوێنی جیاوازیش دۆزراونەتەوە، بۆیە پێدەچێت داستانەکە لە بنەڕەتدا سۆمەری بێت و بابلییەکانیش لەبەریانگرتبێتەوە، ئەگەرچی چەند دەقێک لە سوسەی پایتەختی ئیلامدا دۆزراونەتەوە، گوایە بۆ سەردەمی بابلیی کۆن دەگەڕێنەوە، بەڵام ئاشکرایە کەوا کاشییەکان شێوەزاری بابلیی نموونەییان داناوە و پاشان بۆتە زمانی دبلۆماسیەتیی نێوان گەلانی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن، هەروەها ئیلامییەکان چەندین جار هێرشیان کردۆتە سەر بابل، لەناویشیاندا هێرشێکی تێکدەرانەیان لە سەردەمی کاشییەکاندا بووە، کە تاڵانکاریی زۆریان ئەنجامداوە، ئەکرێت ئەم دەقانەش بەشێک بووبن لەو تاڵانکارییانە. لەلایەکی تریشەوە، ئاشوورییەکان لە ڕێگای کاشییەکانەوە

زۆر لایەنـی شارسـتانی بابلی_سـۆمەرییان وەرگرتـووە، کە ئەکرێـت لەو ڕێگـایەوە گەیشـتبێتە پەرتوکخـانەی پاشـای ئاشـووریی نـاوبراو، هەمـوو ئەمـانەش جەخـت لەسـەر ڕۆڵـی کاشـییەکان دەکەنەوە لە پاراسـتن و بڵاوکردنەوەی ڕەگەزە شارستانییەکانی وڵاتی دوو ڕووبار، لە ناویشیاندا ئەم ئەفسانەیە.

## ٧_ئەفسـانەی ئەیـوبی بـابلی (Ludlul Bel Nemeqi_لأمجـدن رب الحكمة):

ناونیشـانی ئەفسـانەکە بە زمـانی بـابلی بـریتیە لە لودلـول بیـل نیمیقی(Ludlul Bel Nemeqi _لأمجدن رب الحکمة)، کە مەبەست لە خوداوەنـدی دانـایی خوداوەنـد Mardukە، ئەم ئەفسـانەیە بەشـێوەی قەسـیدە نووسـراوەتەوە و لە ٥٠٠ دێـر پێکهـاتووە، کە لە چـوار تـابلۆدا نوسـراوەتەوە (بـاقر، ٢٠١٠: ١٨٢)، هەروەهـا لە ٤٠٠_٤٥٠ بەیـت لەخۆدەگرێت، بەڵام بەهۆی تێکچوونی تابلۆکە بەشێکی کەم لە هۆنراوەکە لەناوچووە، خاسیەتە زمانییەکانی تابلۆکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بۆ سـەردەمی کاشـی دەگەڕێتەوە(ناوەڕاسـتی هەزارەی دووەمـی پ. ز) (الجبـوري، ٢٠٠٠: ١٧٧)، کـورتەی ئەم ئەفسـانەیە چیـرۆکێکە کە بـاس لە ژیـانی پیـاوێکی چـاکەخواز و بـاوەڕدار دەکـات، کە تەنهـا خێـر و چـاکەی ئەنجامـداوە و خـۆی بـۆ پەرسـتنی خوداوەنـدەکان و چـاکەکردن لەگەڵ خەڵکیدا تەرخان کردووە، بەڵام ئەم پیاوە توشی دەردەسەری و نەهامەتی بـۆتەوە، بـۆیە گلەیـی لە خوداوەنـدەکان دەکـات، کە پشـتیان تێکـردووە، هەروەهـا نکـوڵیش لە کەس و خـزم و دۆسـتانی دەکـات (المـزوري، ٢٠٠٢: ٨٦)، ئەفسـانەکە لەچوارچێـوە گشـتییەکەیدا لە چیرۆکـی ئەیـوبی تەوڕات دەچێت، بەڵام ئەو کەسـەی ڕۆڵـی نـاوی ئەیـوب دەبینێت لەم ئەفسـانەیەدا نـاوی شوبشـی_مشری_شـاکان (Shubshi_Meshre_Shakkan)ە، لە بنەڕەتیشدا پیاوێکی دەوڵەمەند و باوەڕداربووە، هەروەهـا پۆسـتی باڵاشـی

له دەوڵەتـــدا وەرگرتـــووە، بەڵام ســـەرباری ئەم نەهامەتییـــانە هەر بە بـــاوەڕداریش دەمینێـــتەوە، چـــونکە زنجیـــرەیەک خەونـــی بەدوای یەکتـــر داهـاتووی بینیـوە، کە تیایـدا پیاوێـک پێـی ڕاگەیانـدووە کە ئەو نێـردراوی خوداوەندی بابلی مەردۆخ Marduk ە(علي أ، ١٩٩٩: ٢٧٩_٢٨٢).

بەپێی سـەردەمەکەی دەکرێت نووسـەرە کاشییەکان ئەم ئەفسـانەیان نووسـیبێتەوە، کە مەبەسـتیش زیـاتر بەرزڕاگرتنـی پـێگەی خوداوەنـد مەردۆخە Marduk، هەروەهـا نیشـاندانی بـاوەڕداریی پیـاوانی ئـاینیی ئەو سەردەمەیە بۆ ئەم خوداوەندە.

**٨_ئەفسانەی خیدەممۆ:**

نـاوەرۆکی ئەم ئەفسـانەیە بـاس لە هەوڵەکـانی خوداوەنـد کۆمـاربی Kumarbi دەکات بۆ جارێکی تر گەڕانەوە بۆ سـەر تەختی دەسـەڵات و لادانی خوداوەند تیشۆپ Teshup لە پۆستەکەی، جێگای داخە دەقەکانی ئەم ئەفسـانەیە بە پـارچە پـارچەیی و شـکاوی گەیشـتۆتە دەسـتمان، ناوەرۆکەکەشـی بـاس لەوە دەکـات؛ کەوا خوداوەنـد کومـاربی لە کچـی خوداوەندی دەریا (شیرنەب شوورخی) کە بەواتای کچە زەبەلاحەکە دێـت منـداڵێکیان دەبێـت بە نـاوی خیـدەممۆ، کە بەپێـی ئەفسـانەکە بـریتییە لە ئەژدیهـایەکی زۆر گەورە و بەنهێنـی لەنـاو حەشـارگەیەک بەخێـو دەکـرا، خیـدەممۆ زۆر ئـارەزووی تێکدان و کاولکـاری بووە، دوای ئەوەی گەورە دەبێـت لەلایەن خوداوەنـد شاوشـکاوە دەبینرێـت، ئەمـیش دەچێـتە لای بـراکەی کە خوداوەنـد تیشـۆپە، خوداوەنـد تیشـۆپیش بەم هەواڵە زۆر دڵگران دەبێت و فرمێسک دەڕێژێت، لە درێژەی ئەفسـانەکەدا خوداوەندی زیرەکـی و دانـایی ئایـا لە کـۆمەڵگەی خوداوەنـدەکان شـکات لەم کـارە خـراپەی خیـدەممۆ دەکـات، تاوانبـاری دەکـات کەوا دەیەوێـت مرۆڤـایەتی لەنـاو ببـات، کە ئەمەش زیـانی بـۆ خوداوەنـدەکان دەبێـت، چـونکە بە

لەناوچوونی مرۆڤەکان کەس نابێت قوربانی پێشکەش بە خوداوەندەکان بکات، لە کۆتاییشدا دەردەکەوێت خوداوەندەکان بەسەر خیدەممۆدا سەرکەوتوونە، لەم ئەفسانە خوورییە (میتانییە)دا کاریگەریی ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی، کە خۆیان لە گلگامێش و ئەتراحاسیسدا دەبینەوە، بەسەرەوە دیارە، بابلییەکانیش کاریگەربوونە بە سۆمەرییەکانەوە، تەنها ناوی خوداوەندەکان گۆڕاوە، کە لە هی سۆمەری_بابلیدا خوداوەند ئینلیل ئەم کارەی ئەنجامداوە بەڵام لە هی خووری (میتانی)دا خوداوەندی کوماربی کارەکەی ئەنجامداوە (ڤێلهێلم، ٢٠٠٩: ١٣٥_١٣٦).

**دووەم: داستانەکان**

**١_داستانی گلگامێش (Gilgamesh)[١٨] :**

پسپۆڕان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم داستانە کە بە زمانی بابلی نووسراوەتەوە، لە بەناوبانگترین نوسراوی ئەدەبیی وڵاتی دوو ڕووبار و هەروەها داهێنەرترین و درێژترینیانە، کە تاکو ئێستا دۆزرابێتەوە، ئەم داستانە لەسەر دوانزدە تابلۆ نوسراوەتەوە، کە زۆربەیان لە پەرتوکخانەی ئاشوورپانیبالْدا دۆزراونەتەوە(Jastrow,1915: 443_444)، گێڕانەوەی ئەم داستانە تاکو سەردەمی بابلیی کۆن بەشێوەی زارەکی بەردەوامی هەبووە، ئینجا دەستکراوە بە نووسینەوەی داستانەکە، پاشان لە سەردەمی کاشییەکاندا و بەدیاریکراویش لە دەوروبەری سەدەی سیانزدەهەمی پ. ز بڵاوبۆتەوە، کە ئەم نموونەیە بە داستانە پێوانەییەکەی گلگامێش ناسراوە، کە لەلایەن نوسەری کاشی سین_لیقی_ئونینی(Sin_Liqi_Unninni)یەوە نوسراوەتەوە، دوای ئەوە لە سەردەمی ئاشووریشدا جارێکی تر داستانەکە لەبەری گیراوەتەوە، پارچەی شکاوی تابلۆکانی داستانەکە لە چەندین وڵاتی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆندا دۆزراونەتەوە، لەوانە پێگەی مەجدۆ لە فەلەستین و پێگەی شاری

ئیمــار (گــردی مەســکەنە لەســەر فــوراتی ســووریا)، پــارچەی شــکاوی تابلۆکــانی ئەم دوو پــێگەیە بــووە هۆکــاری پڕکــردنەوەی ئەو بۆشــایی و کەموکورتییــانەی کە لە تــابلۆ دۆزراوەکــانی تــردا هەبــوون (حنــون، ٢٠٠٦: 22-19).

لەلایەکــی تریشــەوە، ڕاســتە ئەم داســتانە لە ســۆمەرییەوە وەرگیــراوە، بەڵام نووســــەرە بابلییەکــــان تەنهــــا کاریــــان کــــۆپی کــــردن و لاســــایی کردنەوەیەکی کوێرانەی ئەو داسـتانە نەبووە، بەڵکو لەڕاسـتیدا ئەمـان ئەم داستانەیان گۆڕیوە و هەروەهـا بەڕادەیەکـی زۆر دەسـتکاریی نـاوەرۆک و داڕشــتنەکەیان کــردووە، بە جۆرێــک کە لەگەڵ بەرژەوەنــدی و کلتــووری خۆیــان بگونجێــت، ئەمەش تــا ئەو ڕادەیەی کە نــاوەکەی وەکــو چیرۆکــی ڕەســەنی ســۆمەری مــاوەتەوە، داســتانەکە وەکــو یەکەیەکــی تەواو بەیەک بەســتراوی لێهــاتووە، لە کاتێکــدا هــی ســۆمەری پــارچە پــارچە و بەیەک نەبەســـتراو بـــووە، هەروەهـــا ڕووداوەکـــانی داســـتانەکە بەشـــێوەیەک نووسـراونەتەوە، کە لەگەڵ ژیـانی سـەردەمی بابلیـدا گونجێنـدراوە(کریمر، ١٩٥٦: ٣٢٣).

بۆیە لە گشــت تــابلۆ دۆزراوەکــانی ئەم داســتانەدا، دوو گێــڕانەوەی سـەرەکی بەدی دەکرێن، کە یەکەمیـان گێـڕانەوەی سـەردەمی بـابلیی کۆنە، کە نووســـــــــــــــەرەکانی ناونیشـــــــــــــــــــــــانی شوتور_ئیلی_شـاری(Shutur_Eli_Sharri) یـان بـۆ دانـاوە، کە واتـای (ســەرکەوتوو بەســەر گشــت پاشــاکان) دەگەیەنێــت، هەرچــی گێــڕانەوەی دووەمە، کە بـــۆ ســـەردەمی کاشـــییەکان دەگەڕێـــتەوە، کە نووســـەر ســــــــین_لیقی_ئونینی(Sin_Liqi_Unninni) نووســــــــیویەتیەوە، ناونیشانەکەشی بریتییە لە شـا_ناگبا_ئومورو(Sha_Nagba_Umuru)، کە واتــاکەی بــریتییە لە (ئەوەی کانیــاوەکەی بینیــوە)، لەلایەکــی تریشــەوە سـەرباری ئەوەی هەردوو گێـڕانەوەکە لە هـێڵە گشـتییەکانی ڕووداوەکـانی

داسـتانەکەوە کـۆکن، بەڵام لە ڕووی وردەکـاری و زمـانییەوە جیـاوازن، هەروەهـا تێبینـی دەکرێـت کۆپییەکـانی دوای ئەو سـەردەمە لە ڕووی دارِشتنی گشتییەوە پشتیان بە یەکێک لەم دوو گێرانەوەیە بەستبێت(حنون، ٢٠٠٦، ٢٠_٢١)، ئەم داسـتانە زۆر بە فراوانـی بڵاوبـۆتەوە، بە بەڵـگەی ئەوەی کەوا زۆر لە تابلۆکـانی لە پـێگەی شـوێنەواری دوور لە یەکتـری خۆرهەڵاتی نزیکی کۆندا دۆزراونەتەوە، کە بە زمانە جیاوازەکانی هیتی و خووری نووسراونەتەوە (علي أ، ١٩٩٩: ١٨٧).

پێدەچێت هێرشـە سـەربازییەکان و پەیوەندییە بازرگانییەکان ڕۆڵـی گەورەیـان لەو بارەیەوە هەبووبێت، چونکە وەکو پێشـتر ئاماژەی پێدرا، هیتییەکان هێرشی داگیرکەرانەیان هێناوەتە سەر بابل، بۆیە دەکرێت وەکو کەلوپەلی تاڵانکاری و دەستکەوتی جەنگ ئەو پارچانەیـان لەگەڵ خۆیاندا بردبێـت، لەلایەکـی تریشـەوە بـوونی نمـوونەی ئەم داسـتانە بە زمـانی خووری ئاماژەیە بۆ کاریگەربوونی میتانییەکان بە ئەدەبیاتی وڵاتی دوو ڕووبار، هەروەها دۆزینەوەی کۆپی چەند بەشێکی ئەم داستانە لە شاری مەجدۆی فەلەستین، کە بۆ سـەردەمی کاشییەکان دەگەڕێتەوە، دیسانەوە بەڵـگەیە لەسـەر جـووڵە و چـالاکی کـۆپی و دووبـارە نووسـینەوەی داستانەکان لەو سەردەمەدا، ڕەنگە دۆزینەوەی ئەم کۆپییەش لەو ناوچەیە بۆ پەیوەندیی سیاسیی باشی کاشییەکان یاخود بازرگانی لەگەڵ میسر و ئەو ناوچـانەدا بگەڕێتەوە. لەلایەکـی تریشـەوە، ئەگەر ئەم داسـتانە دوای تێپەڕبـوونی زیـاتر لە چـوار هەزار سـاڵ بەسـەریدا، بەهـۆی ڕووداو و هەڵوێستەکانیەوە کاریگەری لەسەر خەڵکی ئەم سەردەمەدا بەجێ بهێڵێت، ئەبێت لەو کاتەدا تا چ ڕادەیەکی مەزن کاریگەریی بەسەر خەڵکی ئەو کات و وڵاتـان و گەلانـی دراوسـێ و شارسـتانیەتە گەشەسـەندووەکانی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆندا جێهێشتبێت، ڕێک ئەم داستانە دەری دەخات کە جـگە لە دانیشـتوانی باشـوور و ناوەڕاسـتی وڵاتـی دوو ڕووبـار، لە

باکووریش که بریتی بووه له وڵاتی ئاشوور کۆپی زۆری ئەم داستانە دۆزراونەتەوە.

تێبینی دەکرێت لەو سەردەمەدا زۆرێک لەو نووسراوە ئەدەبییانەیان لەبەرگرتبێتەوە، هەروەها نووسەرەکان کاریان لەسەر ئەوە کردووە کە ناوەکانی خۆیان لە پاڵ ئەو نووسینانە تۆماربکەن، بۆ نموونە هەندێک وای بۆ دەچن شێوەی کۆتایی داستانی گلگامێش Gilgamesh لەسەر دەستی سەرۆکی نووسەران سین_لیقی_ئونینی(Sin_liqi_Unni) لە دەوروبەری ساڵی ١٢٥٠ پ. ز نووسرابێتەوە (الجبوري، ٢٠٠٠: ٥٧). لەلایەکی تریشەوە، ئەم سەردەمە بە زۆر و زەوەندی بابەتەکانی فەلەکناسی و ئەستێرەناسی و زانینی داهاتوو لە ڕێگای گرتنەوەی فاڵی جگەرەوە دەناسرێتەوە (المزوري، ٢٠٠٢: 87).

سەرچاوە مێخییە دۆزراوەکانی خاتوشا Khatusha[١٩]ی پایتەختی هیتییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەکانی میتانی پشتیان پێ دەبەسترێت، هەروەها ناتوانرێت بەوردی قۆناغەکانی چۆنیەتیی گواستنەوە و گەیشتنی ئەفسانە میتانییەکان بە خاتوشا دیاری بکرێت، چونکە ئەمە کارێکی ئاڵۆزە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو و یەکلاکەرەوە، کە وابکات بەراوردکارییەکە بە شێوەیەکی دروست و شیاو ئەنجام بدرێت، هەندێک لەو ئەفسانانەی لە خاتوشا دۆزراونەتەوە بە زمانی خووری و هەندێکی تریشیان بە زمانی هیتی نووسراونەتەوە، بەڵام بەهۆی تێکچوونی نووسینە مێخەکییەکان ناتوانین لێیان تێبگەین. لەلایەکی تریشەوە، هەندێک شوێنەواری ئەفسانە خوورییەکان (میتانی) لە پاڵ هی سۆمەری و ئەکەدی و کەنعانییەکان بەدی دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی ئەفسانەکانی هیتی لە بنەڕەتدا لە هی میتانییەوە وەرگیراون، ئەگەرچی ناتوانرێت بە شێوەیەکی تەواو ئەمە بسەلمێنرێت، چونکە لە هەندێک باری کەمدا نەبێت کاریگەریی ئەکەدی بەدی ناکرێت، ئەمەش

بەهۆی ئەوەی ئەکەدییەکان کاریگەریی شارستانییان لەسەر خوورییەکاندا هەبووە، بۆیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم کاریگەرییە بۆ هیتییەکان گواستراوەتەوە (ڤێلهێلم، ۲۰۰۹: ۱۳۰).

سەرباری ئەوەی خوورییەکان (میتانییەکان) وەکو پردی پەیوەندیی نێوان وڵاتی دوو ڕووبار و ئەنادۆڵ بوونە، پەیوەندییە بازرگانییەکان ڕۆڵی خۆیان لەو گواستنەوە شارستانییانەدا بینیوە، لەلایەکی تریشەوە دەشێت هێرشە سەربازی و داگیرکارییەکانیش ڕۆڵی خۆیان لەو بوارەدا بینیبێت، چونکە دوای ئەوەی ئاشوورییەکان و هیتییەکان هێرشیان هێنایە سەر شانشینی میتانی و ڕووخاندیان و داگیریان کرد، پاشان شانشینەکەشیان تالان کرد، بۆیە ڕێی تێدەچێت زۆرێک لەو لایەنەی ئەدەبییەش بەم ڕێگایەوە گواسترابنەوە بۆ خاتوشا، چونکە دەکرێت جەنگەکانی میتانی و هیتی هۆکارێک بووبن بۆ گواستنەوەی داستان و ئەفسانەکانی میتانی و وڵاتی دوو ڕووبار.

دۆزینەوەی چەند تێکستێکی مێخەکی بە زمانی ئەکەدی لە گردی عەمارنە لە وڵاتی میسر، کە بەڵگەن لەسەر پێشکەوتنی ئەدەبی نووسراو بە زمانی خووری لە باکووری سووریا واتە لە دەوڵەتی میتانی، کە ئەم ئەفسانانە لە دەوڵەتی میتانییەوە بۆ وڵاتی میسر گواستراونەتەوە، وەکو ئەفسانەکانی خوداوەند (Neirgal , Ershigal, Adaba)، چونکە زمانی ئەکەدی لەو کاتەدا وەکو زمانی نێودەوڵەتی وابووە، هەروەها ئەم ئەفسانە خوورییانە لەسەر دەستی خودی خوورییەکان بۆ ئاسیای بچووک گواستراونەتەوە و پاشان هەر خۆیان وەریان گێڕاونەتە سەر زمانی خووری، زمانی خووریش لەوێدا بە زمانی ڕۆشنبیری و ئەدەب دادەنرا (ڤێلهێلم، ۲۰۰۹: ۱۳۱).

لێرەدا دەردەکەوێت کەوا میتانییەکان بەهۆی پەیوەندیی دبلۆماسی و بازرگانییەوە لەگەڵ فیرعەونەکانی وڵاتی میسر بوونەتە هۆکاری گواستنەوەی ئەدەبی ئەفسانەی وڵاتی دوو ڕووبار بۆ ئەم وڵاتە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی میتانییەکان کاریگەریی ئەدەبی ئەفسانەی وڵاتی دوو ڕووباریان لەسەر بووە، هەروەها یەکێک بوون لە هۆکارەکانی بەجیهانیبوونی ئەدەبی وڵاتی دوو ڕووبار.

**٢_داستانی تۆفانەکە و (ئەتراخاسیسی پاڵەوانی):**

لە سەردەمی بابلیی کۆندا چەندین کاری لەبەرگرتنەوە بۆ کارە ئەدەبییەکان ئەنجامدراوە، هەروەها نووسەری چالاک هەبوون لەو بارەیەوە ڕۆڵیان هەبووە، لەوانە نووسەرێک بەناوی کو_ئایا (Ku_Ea)، کە سێ تابلۆی قوڕی چیرۆکی تۆفان (ئەتراخاسیس)ی لەبەرگرتۆتەوە، داستانەکە (١٢٤٥) دێڕی لەخۆگرتووە، ئەم کارە لە سەردەمی پاشای بابلی عەما صادوقا _Umma(١٦٤٦_١٦٢٦ پ. ز)دا ئەنجامدراوە، هەروەها ئاماژە بە ناوی کەسێکی تریش کراوە، بەناوی ئێلت_کو (Ellet_Ku)، کە لە سەردەمی هەمان پاشادا لە شاری سپار(٢٠)دا کاری کردووە (الجبوري، ٢٠٠٠: ٥٦)، ئەم داستانە باس لە لافاو دەکات، کە پاڵەوانەکەی کەسێکە بە ناوی (ئەتراخاسیس) وەکو ڕزگارکەری مرۆڤایەتی و گیانەوەران ڕۆڵ دەبینێت، بەپێی بۆچوونی توێژەر شێوەی نووسراوی ئێستای ئەم داستانە بۆ سەردەمی کاشییەکان دەگەڕێتەوە (علي ب، ١٩٩٩: ٢٤٣)، چونکە جگە لەوەی ئەم داستانە بە زمانی سۆمەری نووسراوەتەوە، بە زمانی ئەکەدی بە هەردوو شێوەزارەکانی بابلی و ئاشووریش نووسراوەتەوە، کاشییەکانیش داهێنەری شێوەزاری بابلیی نموونەیی بوون(سعید، ٢٠١٨: ٢٧٩)، هەروەها ئەم داستانە لای میتانییەکان ناسراو بووە (ڤێڵهێلم، ٢٠٠٩: ١٤١).

دەکرێت هۆکاری ئەم بۆچوونەی توێژەران بەهۆی شێوەزاری نووسینی داستانەکەوە بێت، کە بەشێوەزاری بابلیی نموونەیی_زمانی ئەکەدی ناسراوە، چونکە ئەم شێوەزارە بەهۆی کاشییەکانەوە بووبووە زمانێکی نێودەوڵەتی، لەوانەشە توێژەران بەهۆی لێکۆڵینەوە لە زمانی نووسینەکەوە ئەم بۆچوونەیان لا دروست بووبێت.

**ئەنجام:**

- پەیوەندییە جوگرافی و سیاسی و سەربازی و ئابورییەکان ڕۆڵی مەزنیان بینیوە لە گواستنەوەی ئەفسانە و داستانەکان لەنێوان وڵاتی دوو ڕووبار و گەلانی کۆنی کوردستاندا.

- بنچینە و ڕەگی زۆربەی ئەفسانە و داستانەکان بۆ سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە سۆمەرییەکان یەکەم میللەت بوون کەوا نووسینیان داهێناوە و بەکاریان هێناوە، بەڵام گەلانی وڵاتی دوو ڕووبار پەرەیان بە لەبەرگرتنەوە و دارشتنەوەیان داوە، بەڕادەیەک کە دەستکاریی وردەکاریەکانیان کردووە، کە لەگەڵ سەردەمەکانی خۆیاندا بگونجێت.

- ئەمورییەکان (بابلییەکان) هەمان ئەفسانە و داستانەکانی سۆمەرییان وەرگرتووە بە هەندێک دەستکاری زمانی و وردەکارییەوە، هەروەها ئاشوورییەکانیش زۆربەی ئەو ڕەگەزە ئەدەبییانەیان لە بابلییەکانەوە وەرگرتووە، بەڵام ئەمانیش هەندێک دەستکارییان کردووە، بۆیە دەتوانین بڵێن کەوا ئەفسانە و داستانەکانی ئاشووری کۆپییەکی بابلین، بەڵام بە کەمێک دەستکارییەوە.

- هەرچی گەلانی کۆنی کوردستانن لەوانیش (کاشییەکان) ڕۆڵیان بینیوە لە پاراستنی ئەو دەقە ئەدەبییانەدا، ئەویش بە وەرگێڕان و نووسینەوە و

لەبەرگرتنەوەیان بە فراوانی، بەجۆرێک ئەگەر کاشییەکان نەبوونایە ڕەنگە بەهـۆی شـەڕ و هێرشـە سـەربازییەکانەوە زۆر لەو بەرهەمە ئەدەبییـانە لەناوچووبان.

- میتانییەکان وەکو گەلێکی تری کۆنی کوردستان ڕۆڵی پردی پەیوەندییان بینیـوە لە گواسـتنەوەی ئەفسـانە و داسـتانەکانی وڵاتـی دوو ڕووبـار بـۆ ناوچەکـانی ئەنـادۆڵ و شـام و میسـری کـۆن، ئەمـیش بەهـۆی کـاریگەریی جوگرافی و بوونی پەیوەندیی دبلۆماسی و بازرگانییەوە بوو.

## پەراوێزەکان:

١- عـانە یـاخود عانـات Anat یـانیش خانـات، شـارۆچکەیەکی وڵاتـی دوو ڕووبـاری کـۆنە، لە هەزارەی سـێیەمی پ. ز دروسـتکراوە، دەکەوێـتە ڕۆخـی خۆرئـاوای کەناری ڕووباری فوراتی باڵا، بەدووری نزیکەی ٣١٨کم لە باکووری ڕۆژئـاوای بەغداوەیە (قزانجي، ٢٠١٠: ٨٦).

٢- ئەفسـانە و داسـتان: ئەفسـانە قەسـیدەیەکی شـیعرییە، کە بە ئاسـتێکی بەرز داڕێژراوە، باس لە دەستکەوتەکان و نەهامەتییەکانی خوداوەندەکان دەکات بەبێ وابەسـتەبوون بە بەربەسـتەکانی کـات و شـوێن، جیاوازیشـی لەگەڵ داسـتاندا ئەوەیە، کە کەسـایەتییەکانی نـاو ئەفسـانەکان بـریتین لە خوداوەنـدەکان و ڕووداوەکانیشان بریتین لە دروستبوون(الخلیقە) و گەردوون و هێزەکانی خێر و شـەڕ و بیروبـاوەڕە ئایینیەکـان، هەرچـی داسـتانەکانە ڕووداوەکـانی لەبـارەی دەستکەوت و نەهامەتی و پاڵەوانیەتەکانی مرۆڤە(علي أ، ١٩٩٩: ٩٤، ١٦١).

٣_ ئاشـووربانیباڵ Ashurbanipal(٦٦٨_٦٢٧ پ. ز) بە یەکێـک لە مەزنتـرین پاشـاکانی ئیمپراتـۆریەتی ئاشـووری دادەنرێـت لە مـاوەی (٩١١_٦١٢ پ. ز)، کوڕی پاشـای بەهێزی ئاشـووری Sanharib (٧٠٤_٦٨١ پ. ز)ە، ئەم پاشـایە توانیویەتی دەست بەسەر زۆربەی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆندا بگرێت، زمـانی ئەکەدی بە هەردوو شـێوەزارەکانی بابلی_ئاشـووری زانیـوە، فەرمـانی

دەرکردووە بە هێنانی تابلۆ قوڕینەکانی پەرتوکخانەی شارە گرنگەکانی وڵاتی دوو ڕووبار، پەرتوکخانەیەکی گرنگی دامەزراندووە و پۆلینی بۆ کردوون، کۆمەڵێک نووسەر کاری ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی ئەم پەرتوکخانەیان لە ئەستۆدابووە، لەوانە نابو_زبیق_کین(Nabu_Zbiq_Kin) و شیم_ئیریش(Shim_Erish)، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە زانراوە کە ناویان لەسەر چەندین تابلۆی نووسراودا دۆزراوەتەوە (قزانجي، ٢٠١٠: ٥٥).

٤- عەممارنە (ئەخیتاتون): ئەم شارە کەوتۆتە دۆڵێکەوە لە بەرانبەر شاری دیراموس لە پارێزگای مینا، کە کەوتۆتە میسری ناوەڕاست، درێژییەکەی (١٠کم) و پانییەکەشی (٥کم)ە، لەلایەن بانگخوازی یەکتاپەرستی ئیخناتون (١٣٦٧_١٣٥٠ پ. ز)ەوە لە ساڵی شەشەمی فەرمانڕەوایەتییەوە بنیاتنراوە، کردوویەتی بە پایتەختی میسر تاکو سەرەتای فەرمانڕەوایەتیی توت عنخ ئامون، ئەم شارە لە ئێستادا لای توێژەران بە گردی عەممارنە ناسراوە، لە پشکنینە شوێنەوارییەکانی ساڵی ١٨٨٧ز دا نامەگۆڕینەوەی دبلۆماسیی نێوان ئەمنحۆتبی سێیەم و ئیخناتونی کوڕی کە لەگەڵ پاشا و فەرمانڕەواکانی ڕۆژئاوای ئاسیادا ئاڵوگۆڕکراون دۆزراونەتەوە (مهران، ١٩٩٩: ٣١_٣٣)(باقر، ٢٠٠٩: ٤٩٥)

٥_ شاری ئەریدو Aridu: لە ئێستادا پێی دەوترێت (أبو شهرين)، لە دەوروبەری ٦٨ پ. ز بەندەرێکی دەریایی بووە لەسەر کەنداوی عەرەبی(فارسی)، بەڵام لە ئێستادا زیاتر لە ١٣٠ میل لە دەریاوە دوورە، هەروەها شوێنی پەرستنی خوداوەندی جادوویی ئایا Ea بووە (عبدالقادر، ١٩٨١: ٧٢).

٦_ ئانو Anu: خوداوەندی ئاسمانە، لە سۆمەریدا پێی دەوترێت ئان An، پاشا و باوکی ئاسمانە، هاوسەرەکەشی ناوی خوداوەند ئانتوم Antumە (عبدالقادر، ١٩٨١: ٩٦).

٧_ خوداوەند ئایا  Ea: هاوسەری خوداوەند شەمش Shamsh ی ئەکەدییە، بە کۆنترین خوداوەندی سامی لە وڵاتی دوو ڕووباردا دادەنرێت (آزارد و آخرون، ٢٠٠٠: ١٠٧).

٨_ دوموزی/تەمموزی Dumuzi: لە زمانی سۆمەریدا بە تەمموز هاتووە و گواستراوەتەوە بۆ زمانی ئەکەدی و بووە بە دیموز، کە بە واتای کوڕی ڕەسەن (ابن شرعي) دێت، هەروەها بە واتای (ئەوەی دایکی تنینە)ش هاتووە، لە گێڕانەوەکانی ئارامی و سەفەرەکانی (العهد القديم)دا بەمشێوەیە هاتووە، لیستی

پاشـاکانی سـۆمەریش نـاوی دوو پاشـای بەم نـاوەی تیـادایە، کە یەکەمیـان بە شوانی لە ئوروک ژیاوە و دووەمیشیان بەڕاوچی شـاری کوارا ناسـراون (آزارد و آخرون، ٢٠٠٠: ١٣٠).

٩_ شـاری نیپـور Nipur: لە ئێسـتادا پێـی دەوترێت نەفەر، شـارێکی نـاوخۆیی بـوو لەنێوان دوو ڕووباردا، بە پەرستنی خوداوەند ئینلیل Enlil ناوبانگی دەرکردبوو، هەروەهـا پـایتەختی ئـایینی هەرێمـی باشـوور و سـۆمەرییەکان بـوو (عبـدالقادر، ١٩٨١: ٧٣).

١٠_ عەشتار Ashtar: لەلای سۆمەرییەکان ئینانا و لای ئەکەدییەکانیش عەشـتاری پـێ دەوترێـت، یەکـێکە لە دیـارترین خوداوەنـدی کـۆمەڵگەی خوداوەنـدەکانی سـۆمەری و ئەکەدی، کە زۆر شـێوە و خاسـیەتی جیـاوازی لەخۆگرتـووە، وەکـو خوداوەندی خۆشەویستی و سـێکس، هەروەهـا زۆر گێڕانەوەی جیـاوازیش هەن لەبارەی ڕەچەڵەک و بنەچەی (آزارد و آخرون، ٢٠٠٠: ٨٧-٨٩).

١١_ خوداوەنــد ئینلیــل Enlil: خوداوەنــدی بــایە، نازنــاوی ســەرداری وڵاتــی پێبەخشـراوە، هەروەهـا بـۆتە خوداوەنـدی چیاکـان و زەوی، یاسـاکانی بەسـەر زەویـدا دەسـەپێنێت و سەرپەرشـتیی جێبەجێکردنیـان دەکـات، جەنگـاوەرێکی تونـدوتیژە و بە گامێشــی کێـوی (وەحشــی) ناســراوە، هاوســەرەکەی نــاوی خوداوەند ننلیل (Ninlil)ە (عبدالقادر، ١٩٨١: ٩٦).

١٢_ خوداوەند سـین Sin : لە زمـانی سـۆمەریدا نانـا Nana و لە ئەکەدیشـدا سـین Sin ی پێ دەوترێت، کوڕی هەردوو خوداوەنـد ئینلیل و ننلیلە، هەروەهـا بەر لە سـەردەمی سـەرگۆنی بە سـوئین نـاوی هـاتووە و لە ستایشـی خوداوەندیـدا بە کوڕە گامێشی ئینلیل ستایش کراوە(آزارد و آخرون، ٢٠٠٠: ٨١).

١٣_ ئیرشـیگال Ershigal: لە زمـانی سـۆمەریدا بە واتـای خـاتوونی زەویـی مەزن دێـت، هەروەهـا نازنـاوی تریشــی هەیە وەکـو خوداوەنـدی جیهـانی خـواروو (مـردووان) و زەویـی مەزن، سـەرچاوە سـۆمەرییەکان چەنـدین هاوسـەریان بـۆ دیـاریکردووە، وەکـو (گـوگلا ئانـا) و (نرگـال)، هەرچەنـدە دەقە ئەکەدییەکـان بەزۆری نـاوی نرگـال دێـنن و بە دەگمەنـیش نـاوی (ئێـرا) دێـت، کوڕەکەشــی خوداوەند(نینازو)ە (آزارد و آخرون، ٢٠٠٠: ٦٦).

١٤_ شاری وەرکا: دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی شاری سەماوە بە دووری ٣٠ کم، پەرستگای خوداوەند عەشتاری تێدایە، هەروەها شارێکی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانی بووە(الشیخلي، ٢٠١٤: ٧٨_٧٩).

١٥_ وڵاتی ئیلام: وڵاتی ئیلام کە بە زمانی سۆمەری نیمی پێ دەوترێت واتە زەویی بەرز شوشیانا و وڵاتی شوش لەخۆدەگرێت، کە مەبەست لێی دەشتەکانی باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی ئێرانە (ناوچەکانی عەرەبستان یاخود خوزستان)، کە درێژکراوەی دەشتە نیشتەنییەکانی باشووری وڵاتی دوو ڕووبارە، هەروەها لە ڕووی بەرزی و نزمی و کەش و هەوا و شارستانیەتیشەوە بە یەک یەکەی سروشتی و شارستانی دادەنرێن (الأحمد، الهاشمي، د.ت: ٥١).

١٦_ ئیتانا: ئیتانا بەپێی لیستی ناوی پاشاکانی سۆمەری دوانزدەمین پاشایە دوای تۆفانی بابلی لە شاری کیش، هەروەها وا وێنا دەکرێت کەوا (ئەو شوانەیە کە چۆتە ئاسمان) (آزارد و آخرون، ٢٠٠٠: ٦٠).

١٧_ شاری کیش: بە زمانی ئەکەدی پێی دەوترێت کیشاتو، یەکێک بوو لە شارە سەرەکییەکانی سۆمەرییەکان، لە ئێستادا پێی دەڵێن گردی ئەحیمر(تل الأحیمر)، بە دووری نزیکەی ١٠میل لە خۆرهەڵاتی شاری بابلەوەیە، بەگوێرەی لیستی پاشاکانی سۆمەری یەکەمین شارە دوای تۆفان پاشای تیادا چووبێتە سەر تەخت (باقر، ٢٠٠٩: ٢٩٥_٢٩٦).

١٨- (بۆ زیاتر لەبارەی داستانی گلگامێش بڕوانە: ( Heidel. A., (1956) The Gilgamesh Epic and Old Testament Parallels, The University of Chicago, (San Diego).

١٩_ خاتوشا: پایتەختی هیتییەکان بووە، لە ئێستادا پێی دەڵێن بوغازکوی، کە وەکو قەڵایەکی سروشتی دەردەکەوێت لەسەر دەریای ڕەش (جرني، ١٩٦٣: ٣٦).

٢٠_سپار: پاشماوەکانی ئەم شارە بە گردی ئەبو حەبە (تل أبو حبه) ناسراوە و دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای شاری بەغدا بە دووری نزیکەی ٢٠ میل، بە یەکێک لە مەڵبەندەکانی پەرستنی خوداوەندی خۆر(شمش) ناوبانگی دەرکردووە، لە هەندێک دەقیشدا بە شاری (سپار ئیمناتوم) و (سپار_ یەخروم) ناسراوە، کە بۆ ناوی هۆزەکانی ئەموری دەگەڕێتەوە، کە تیایدا نیشتەجێ بوونە(الزبیدي، ٢٠٠٣: ١٥).

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردیەکان:


- ڤیلهێلم، گیرنۆت(٢٠٠٩)، شارستانیەتی خوورییەکان، و: ئارام جەلال هەمەوەندی، چ١، دەزگای موکریانی، چاپخانەی دهۆک، دهۆک.


### سەرچاوە عەرەبیەکان:


- الأحمد، الهاشمي، سامي سعيد، رضا جواد(د.ت)، تاريخ الشرق الأدنى القديم(ايران و أناضول)، جامعة الموصل.

- أدزارد، و آخرون(٢٠٠٠)، قاموس الآلهة و الأساطير(في بلاد الرافدين و الحضارة السورية)، تعريب: محمد وحيد خياطة، دار الشرق العربي، بيروت.

- باقر، طه(٢٠١٠)، مقدمة في أدب العراق القديم، الطبعة الأولى، دار الوراق، بيروت.

- ـــــــــ، و أخرون(١٩٨٧)، تاريخ العراق القديم، ج ٢، مطبعة جامعة صلاح الدين، بغداد.

- ـــــــــ، (٢٠٠٩)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ج ١، ط ١، دار الوراق، بيروت.

- بركات، مروان(٢٠٠٨)، عفرين عبر العصور، ط١، دار عبدالمنعم، حلب.

- الجبوري، صلاح سلمان رميض(٢٠٠٠)، أدب الحكمة في وادي الرافدين، م: فاضل عبدالواحد علي، ط ١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

- جرني، أ.ر(١٩٦٣)، الحيثيون، ت: محمد عبدالقادر محمد، م: فيصل الوائلي، مطبوعات البلاغ، بيروت.

- حنون، نائل (٢٠٠٦)، ملحمة جلجامش ترجمة النص المسماري مع قصة موت جلجامش و التحليل اللغوي للنص الأكدي، ط ١، دار الخريف، دمشق.

- الدسوقي، خالد(١٩٨٢)، دراسات في تاريخ شعوب الشرق القديم، مكتبة أحمد حسن سعد، جامعة عين الشمس، فلسطين.

- ساكز، هاري(١٩٧٩)، عظمة بابل، ت: عامر سليمان، الموصل.

- سليمان، الفتيان، عامر و أحمد مالك (١٩٧٨)، محاضرات في التاريخ القديم، بغداد.

- الشيخلي، عبدالقادر عبدالجبار(٢٠١٤)، الوجيز في تاريخ العراق القديم، ط٢، دار الكتب و الوثائق، بغداد.

- عبدالقادر، حامد(١٩٨١)، الأمم السامية مصادر تاريخها و حضارتها، م: عوني عبدالرؤوف، دار النهضة، القاهرة.

- عبدالله، مرعي، فيصل_عيد(٢٠١٤)، تاريخ الوطن العربي القديم(بلاد الرافدين)، مطبعة جامعة دمشق، دمشق.

- علي، فاضل عبدالواحد(١٩٨٥ )، الأدب، حضارة العراق، ج ١، ص ٣١٩_٣٥٨، دار الحرية، بغداد.

- علي أ، فاضل عبدالواحد(١٩٩٩)، سومر أسطورة و ملحمة، ط ١، دار الأهالي، دمشق.

- علي ب، فاضل عبدالواحد(١٩٩٩)، عشتار و مأساة تموز، ط ١، دار الأهالي، دمشق.

- فرزات، محمد حرب(١٩٧٣)، خارطة هجرة الشعوب السامية و الهندو_أوروبية الى الشرق الأدنى القديم، دار الدقاق، دمشق.

- ڤيروللو، شارل(١٩٩٠)، أساطير بابل و كنعان، ت: ماجد خيربک، م: هاني الخير، مطبعة الكاتب العربي، دمشق.

- قزانجي، فؤاد يوسف(٢٠١٠)، أهمية مكتبة أشوربانيبال و دورها في اغناء النصوص التاريخية للشرق الأدنى القديم، مجلة العربية و الترجمان، مج ٥/ع ٥، ٥١_٧١، بيروت.

- كابليس، ريتشارد(١٩٩٥)، المقدمة التمهيدية للغة الأكادية، ت: عبدالرحمن دركزللي، دار الشمال، دمشق.

- الكريماوي، خالد ناجي(٢٠١٦)، الاله مردوخ كبير الألهة البابلية، م: منذر علي عبدالمالک، ط١، دار تموز، دمشق.

- كريمر، صموئيل(١٩٥٦)، من ألواح سومر، ت: طه باقر، م: أحمد فخري، مكتبة المثنى، مؤسسة الخفاجي، بغداد.

- كريمر و صموئيل نوح، ولكشتاين و ديان(٢٠١٦)، الأسطورة السومرية(انانا_أرشيكيكال_ديموزي)، ت: شاكر الحاج مخلف، ط ١، دار تموز، دمشق.

- گولياموف، صلوات(٢٠١١)، أريا القديمة و كوردستان الأبدية الكورد من أقدم الشعوب، ت: اسماعيل حصاف، ط ١، دار موكرياني، هەولێر.

- مرعي، عيد(١٩٩١)، تاريخ بلاد الرافدين، ،ط ١، الف باء للأديب، دمشق.

- ـــــــــــــ، (٢٠١٠)، تاريخ سورية القديم، ط١، مكتبة الأسد، دمشق.

- موسكاتي، سبتينو(١٩٥٧)، الحضارات السامية القديمة، ت: السيد يعقوب بكر، م: محمد القصاص، دار الكاتب العربي، لندن.

- هايدل، الكسندر(٢٠٠١)، الخليقة البابلية قصة النشوء و التكوين عند قدماء العراقيين و انعكاساتها على(العهد القديم)، ت: ثامر مهدي محمد، م: محي الدين أسماعيل، ط ١، بيت الحكمة، بغداد.

**تێزه ئەكاديميەكان:**

- اسماعيل، شعلان كامل(١٩٩٠ )، العلاقات الدولية في العصور العراقية القديمة، رسالة ماجستير، جامعة الموصل.

- الزبيدي، مها حسن رشيد(٢٠٠٣ )، نصوص مسمارية غير منشورة من العصر البابلي الوسيط(الفترة الكشية) عقرقوف(دور_كوريكالزو)، رسالة ماجستير، جامعة بغداد.

- عمر، چيمن عبدالله(٢٠١٣)، فن العمارة في العصر الكاشي(دراسة تحليلية للعناصر العمارية و الطرز البنائية) ١٥٩٥_١١٦٢ ق.م، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين-أربيل.

- المزوري، عماد عبدالقادر محمد سعيد(٢٠٠٢)، الكاشيون دراسة سياسة حضارية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين، اربيل.

- يونس، ريا محسن عبدالرزاق الحاج(١٩٨٧)، الكتابة على الأختام الأسطوانية غير المنشورة في المتحف العراقي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الأداب، جامعة بغداد.

**گۆڤارە ئەكادیمییەکان:**


- الخليفاوي، ايمان لفتة حسين ، العلاقات الآشورية الميتانية، دار المنظومة، (العراق: ٢٠٠٩)، المجلد٣/ العدد٨.

- خليل، صباح جاسم حمادي(٢٠١٥)، أثر أدب بلاد وادي الرافدين في الأداب العالمية القديمة، مجلة الأستاذ، كلية التربية(ابن رشد للعلوم الانسانية)، جامعة بغداد، العدد الخاص بالمؤتمر العلمي الثالث.

- ساكز، هاري(١٩٧٩)، عظمة بابل، ت: عامر سليمان، الموصل.

- سعيد، عماد عبدالقادر محمد(٢٠١٨)، قصة الطوفان في النصوص العراقية القديمة و الديانة الايزيدية دراسة مقارنة، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، بەرگی ٥ ژمارە ١، ٢٧٨_٢٩٤.

- علي، فاضل عبدالواحد(١٩٨٢)، الخط المسماري و اللغة الأكدية: أثنان من أبرز العوامل المشتركة بين الحضارات القديمة في الوطن العربي، مجلة كلية الأداب، جامعة بغداد، مج/ع ٣٢، ١٩١_٢٠٤، بغداد.


**سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**


- -Borger. R., (1988)Assyrisch_Babylonischen Zeiehn List, Berlin.

- -Edzard. D. O., (1993)Reallexikon der Assyriologie und Voderasiaschen Archaologi, Walter de Gruyter, Berlin.

- -Ghirshman. R., (1978)Iran_ From The Earliest Times To The Islamic Conquest, Penguin Books, New York.

- Von Soden, W., (1994)The Ancient Orient, An Introduction To The Study Of The Ancient Near East,T: D.G.Schley, William. B.Erdmans Publishing, Michigan.


- Heidel. A., H. J. Kantor, (1999) Plant Comament in The Ancient Near East, XIV, Chicago.

- (1956) The Gilgamesh Epic and Old Testament Parallels, The University of Chicago, (San Diego).

- Hooke. S. H., (2013) Middle Eastern Mythology, Penguin Books, (Harmondsworth).

- Jastrow. M., (1915) The Civilization Babylonia And Assyria (Philadelphia).

- Knapp. A. B., (1988) The History And Culture Of Ancient Western Asia and Egypt, (WadSworth).




نەخشەی ژمارە (١)

نەخشەی کۆچی گەلانی سامی و هیندۆ_ئەوروپی بۆ خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن(فرزات، ١٩٧٣)

**الملخص:**

ان هذا البحث التاريخي الموسوم ب(العلاقات الحضارية بين بلاد الرافدين و الشعوب القديمة في كوردستان من الناحية الأدبية: الأساطير و الملاحم نموذجا ١٥٩٥_١١٥٧ ق.م)، يسلط الضوء على ماهية العلاقة، والتأثيرات المتبادلة بين هذه الحضارات.

حيث تبين أن جذور هذه الجوانب الحضارية تعود الى السومريين، غير أن الأقوام الأخرى في بلاد الرافدين لاسيما البابليين تأثروا بالسومريين بدرجة كبيرة و الأشوريين أيضا تأثروا من ناحيتهم بالبابليين و الكاشيين، و الشعوب القديمة القاطنة في كوردستان من ناحية أخرى، قد ساهمت في الحفاظ على هذا الارث الحضاري و تطويره، و أيضا اعادة صياغته مرة أخرى، بل في نقله الى المناطق الأخرى في الشرق الأدنى القديم، منها بلاد الشام و المصر القديمة.

**Abstract:**

This study, "The Relations between Mesopotamia and the Ancient peoples of Kurdistan in terms of Literature, (myths and epics as two examples) (1595–1157 B.C.)". This study aims to illustrate the type of this relation between these two civilizations through shedding light on the factors and influences of this relation. In this study, the historical descriptive analytical method is used.

As a result, it appears in this study that although, firstly, the base of this civilization is tied to the Sumerians, the people of Mesopotamia (the Babylonians and Assyrians) in a side and the ancient groups of peoples in Kurdistan on the other side had a prominent role in conservation _translating, developing, and transporting this civilization to the other places of the Ancient Near Eastern.